گـۆڤـاری زانـكۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(2).Paper8

ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: 13/07/2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 10/08/2023
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/04/2025

# ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە دانوستانەکانی بودجەی ۲۰۲۱ی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ

**دانا ئەسعەد محەمەد[1] - ئەحمەد حەمەغەریب عمربالی[2]**
ahmed.bali@uhd.edu.iq - dana.assad.m@spu.edu.iq
[1]بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2]بەڕێوبەری پەیوەندیە گشتییەکانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**
دانوستانەکانی یاسای بودجەی ۲۰۲۱ی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ، لە درێژخایەنترین دانوستانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند بو و زیاتر لە چەند مانگی خایاند. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمە لەو دانوستانانەدا. ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی چۆنییەتی لە ڕێگەی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ یازدە شارەزا و بەرپرسانی پەیوەندییە گشتییەکان لە کوردستان و عێراق بەستوە و گەیشتوەتە ئەو ئەنجامەی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم بە شێوەیەکی زانستی و پیشەیی میتۆد و میکانیزمەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی بەکارنەهێناوە لە دروستکردنی تێگەیشتن لەسەر بەشە بودجەی هەرێم. لەوەش زیاتر هێشتا تێگەیشتنی پێویست لەسەر خودی پەیوەندییە گشتییەکانیش لەناو بەرپرسان و دامەزراوەکانی هەرێم دروست نەبوە.
**کلیلە وشـەکان:** پەیوەندییە گشتییەکان، حکومەتی هەرێم، بودجە، پەیوەندیی میدیایی، ستراتیژی پەیوەندییە گشتییەکان، میدیای دامەزراوە.

# The role of public relations in the discussions over the 2021 budget between the Kurdistan Regional Government and the federal government

Dana Asaad Mohammed[1] - Ahmad Hamaghreb Omar Bali[2]
[1]Technical Department of Media - Technical College of Administration, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
[2]Director of Public Relations, University of Human Development, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract

The negotiations of the Budget Law of 2021 between the Kurdistan Regional Government and the Federal Government were the longest negotiations and it lasted several months. This study aims to evaluate and analyze the efforts of public relations institutions and channels in the Kurdistan Regional Government to enhance understanding on the issue of the budget. The study was based on a qualitative methodology, and interviews were conducted with eleven experts and officials in the field of public relations in Kurdistan and Iraq. The study concluded that the Kurdistan Regional Government did not use public relations methods and mechanisms in a scientific and professional manner to enhance mutual understanding about its budget. In addition, there is insufficient understanding of public relations themselves between officials and institutions in the region.

**Keywords:** Public Relations, Kurdistan Regional Government, Budget, Media Relations, Public Relations Strategy, Corporate Media.

## پێشەکی

پرسی بودجە کە پەیوەندیی بە ژیان و گوزەرانی هاوولاتییانەوە هەیە، بە درێژایی تەمەنی هەرێمی کوردستان پرسێکی ئاڵۆز و پڕ لە کێشە بوە. بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و بە تایبەتیش بەهۆی ناسەقامگیری لە داهات، حکومەتی هەرێم لە ماوەی سێ دەیەی حکومڕانیدا تەنها ١٢ ساڵ یاسای بودجەی هەبوە. هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵەکانی ١٩٩١ بۆ ١٩٩٢ بەهۆی کشانەوەی دامەزراوەکانی حکومەتی ناوەند و پچڕانی هەمو جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ ناوەند لەڕوی داراییەوە وابەستە و گرێدراوی حکومەتی عێراق نەبو(Bali, 2016)، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هەمیشە ساڵانە بۆ دابینکردنی بودجە پشتی بە داهاتەکانی حکومەتی عێراق بەستوە (گوڵپی، ٢٠٢٠)، هەربۆیە کاتێک بەهۆی ناکۆکی لەسەر پرسی نەوت لە ساڵی ٢٠١٤دا حکومەتی بەغدا پشکی هەرێمی کوردستانی لە بودجە بڕی، ڕوبەڕوی قەیرانێکی کەم وێنەی دارایی بوەوە (ڕەحیم، ٢٠٢٢).

سەرباری ناکۆکی قوڵی هەرێم و بەغدا لەسەر پرسی بودجە و بڕینی بەشە بودجە و ناردنی پچڕپچڕی بەشە بودجەی هەرێم، کەچی بە درێژایی ساڵانی دوای ٢٠١٤ش هەمیشە بابەتی پشکی هەرێم ساڵانە لە کاتی پەسندکردنی یاسای بودجەی عێراقدا، بابەتێکی گەرم و پڕمشتومڕ بوە. مشتومڕ و گفتوگۆ لەسەر پشکی هەرێم لە دانوستانەکانی یاسای بودجەی ٢٠٢١ گەیشتە لوتکە، بە جۆرێک وەفدی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان ١١ جار سەردانی بەغدای کرد و سەرجەم ١٨٥ کاتژمێر لەگەڵ کۆبونەوەیان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی فیدراڵ ئەنجامدا (هەورامی، ٢٠٢٢).

لە ڕوی تیۆری و کردەییەوە چاوەڕواندەکریت لە پرۆسەی دانوستانەکانی یاسای بودجەی ٢٠٢١دا، بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم زۆر چالاک بێت و بە بەردەوامی کۆمەڵگا لە زانیارییەکان ئاگاداربکاتەوە و ڕای گشتی چ لەناو کوردستان و چ لە ئاستی عێراقدا لەسەر دروستکردنی تێگەیشتنێک ئاراستە بکات کە لە ئاستی خواستی حکومەتی هەرێمدا بێت. لە دانوستانەکانی بودجەی ٢٠٢١دا وەفدی حکومەتی هەرێم کە لەلایەن قوباد تاڵەبانییەوە سەرۆکایەتی دەکرا، دانوستانەکان بوە جێگەی باس و خواسی کۆمەڵگا و گرنگی تایبەتی پێدرا، ئەمەش ئەو گریمانەیەی دروستکرد کە ڕەنگە لەم دانوستانانەدا وەفدی حکومەتی هەرێم زیاتر لە دانوستانەکانی پێشو گرنگی بە ڕای گشتی و ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان دابێت. وێڕای گرنگی ئەم بابەتە و بەپێی بەدواچونی توێژەر هیچ توێژینەوەیەک لەسەر ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە دروستکردنی تێگەیشتن و ڕای گشتی لەسەر پرسی بودجە نەکراوە، لەم توێژینەوەیەدا لیکۆڵینەوە لەسەرهەوڵەکانی حکومەتی هەرێم لەرێگەی دامەزراوە و کەناڵەکانی پەیوەندییە گشتییەکانیەوە لەسەر دروستکردنی تێگەیشتن لەسەر پرسی بودجەی بودجەی ٢٠٢١ دەکرێت بەمەبەستی شرۆڤەکردنی ئاست و گرنگیپێدانی حکومەت بە پەیوەندییە گشتییەکان کە دەتوانێت ڕۆڵ بگێرێت لە تێگەیشتن لەسەر بەشە بودجەی هەرێم و زامنکردنی.

## 1: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

### 1.1: توێژینەوەکانی پێشو

لێرەدا هەوڵ دەدرێت پێداچونەوە بە توێژینەوەکانی پێشودا بکرێت بە مەبەستی گەڵاڵەکردنی کێشەی توێژینەوە و پاساوی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بەتایبەتی لەو ڕووەوە کە تا چەندە گرنگ و پێویستە لێکۆڵنەوەی لەسەر بکرێت. لە ساڵی ٢٠١٨ ساکار عەزیز دکتۆراکەی بە زمانی عەرەبی بە ناونیشانی (**دور التسويق السياسي المستند على الاخلاق في كسب موقف الرأي العام من خلال السمات الشخصية للمرشح، دراسة استطلاعية لاراء عينة من الناخبين في اقليم كوردستان العراق**) نوسیوە و ئەم توێژینەوەیە لە بواری بازاڕگەری سیاسی و پابەندبونی کاندید و پارتە سیاسیەکان بە بنەما ئەخلاقییەکان لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا و لە ڕوانگەی جەماوەرە بە پشت بەستن بە میتۆدی ڕاپێوی ئەنجامداوە. توێژینەوەیەکی تر بە زمانی ئینگلیزی لەلایەن احمد عمربالی و ئەوانی تر بە ناونیشانی ( Public diplomacy effort across Facebook: A comparative analysis of the US consulate in Erbil and the Kurdistan Representation in Washington) نوسراوە کاری لەسەر هەوڵەکانی دیپلۆماسی گشتیی کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر و نوێنەرایەتیی هەرێم لە واشنتۆن نوسراوە، کە بەراوردکاری کردوە لە نێوان هەوڵی پەیوەندیی گشتی لە ئاستی نێودەوڵەتی کە دەچێتە چوارچێوەی پەیوەندیی گشتیی نێودەوڵەتییەوە و گەیشتوە بەو ئەنجامەی کونسوڵخانەی ئەمریکا بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکا پەیوەندییە گشتییەکانی بەکارهێناوە بۆ دروستکردن و ئاراستەکردنی ڕای گشتی لەناو جەماوەری هەرێمی کوردستاندا و بە پێچەوانەشەوە نوێنەرایەتیی هەرێم لە ئەمریکا بە شێوەیەکی لاواز و بێ پلان ئەو ئەرکە جێبەجێدەکات کە نزیکە لە ئاستی جێبەجێنەکردنەوە.

وەکو دەردەکەویت توێژینەوەکەی ساکار عزیز پەیوەستە بە بازاڕگەری سیاسی و توێژینەوەکەی احمد عمر بالی پەیوەستە بە پەیوەندیی گشتیی نێودەوڵەتی یان دیپلۆماسیی گشتی، بەڵام سێ توێژینەوەی تارادەیەک نزیک لە توێژینەوەی ئێستا ئەنجام دراون کە یەکێکیان ماستەرنامەی لانە صابرە بە زمانی عەرەبی لە ساڵی ٢٠٠٥ بە ناونیشانی (**العلاقات العامة في مجلس وزراء اقليم كردستان/ ادارة السليمانية و دراسة ميدانية في وضائف العلاقات العامة**) نوسراوەو لە ئەنجامە مەیدانییەکانیدا گەیشتوەتە ئەوەی تێگەیشتنی پێویست بۆ چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان نییە و ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لە جێبەجێکردنی ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لە حکومەتدا هەبوە. لە ساڵی ٢٠١٥ ئاواز حسن ماستەرنامەکەی لە ژێر ناونیشانی (**چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە حکومەتی هەرێم – توێژینەوەیەکی ڕوپێوی شیکارییە**) نوسیوە و گەیشتوەتە ئەو ئەنجامەی سەرجەم وەزارەتەکان بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی هەیە، بەڵام لەڕوی پەیوەندییە گشتییەکانەوە هیچ پلانێکیان نییە و هۆکاری ئەمەشی بۆ ناشارەزایی بەرپرس و ڕاپەڕێنەرانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان گەڕاندوەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٨ واتا بەر لە حەوت ساڵ لە توێژینەوەکەی ئاواز حسن ماستەرنامەیەک لە زانکۆی بەغداد سوندس فوئاد، ماستەرنامەکەی بە ناونیشانی (**الوضيفة الاتصالية للعلاقات**

**العامة في برلمان اقليم كردســـتان)** نوســـيوە و گەیشـــتوەتە چەند ئەنجامێکی نەرێنی وەکو نەبونی بودجە بۆ بەشی پەیوەندییە گشــتییەکانی پەرلەمان، نەبونی دیدێکی ڕون بۆ هەڵبژاردن و دامەزراندنی کارمەندی پەیوەندییە گشــتییەکان، نەبونی تێگەیشـــتن لەســـەر چەمک و ئەرکی پەیوەندییە گشـــتییەکان. لەم سێ توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت کە نە لە حکومەت و نە لە پەرلەماندا بەشی پەیوەندییە گشتییەکان بە شـێوازی زانسـتی و پیشـەیی ئەرکەکانیان جێبەجێ ناکەن. بە گشـــتی کێشـــەی تێگەیشـــتن لە چەمکی پەیوەندییە گشـــتییەکان و نەبونی کەسی شـــارەزا هەیە لە ڕاپەڕاندنی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان. وێڕای ئەو سێ توێژینەوەیە کە لەسەر حکومەت و پەرلەمان کراوە، لە ســاڵی ٢٠٠٧ هۆشــیار مزەفەر ماســتەرنامەیەکی لە زانکۆی بەغداد لەســەر پەیوەندییە گشــتییەکانی پارتی دیموکراتی کوردســتان بە زمانی عەرەبی بە ناونیشــانی (**العلاقات العامة في الأحزاب السـياسـية الكردية- دراسـة مسـحية لأنشـطة العلاقات العامة للحزب الديمقراطي الكردســتاني)** نوســيوە و گەیشــتوەتە ئەو ئەنجامەی پەیوەندییە گشــتییەکان لە چوارچێوەی مەکتەبی ســیاسی پراکتیزە دەکرێت و ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەیە لەســـەر حیزب، بەڵام نەبونی پسپۆڕی پەیوەندییە گشتییەکان گرفتی سەرەکی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکانە لەناو پارتی دیموکراتی کوردســتان. لەم توێژینەوەیەشــدا دەردەکەوێت پەیوەندییە گشــتییەکان بە شــێوەیەکی زانســتی و پیشــەیی لە ناو پارتە ســیاســییەکان جێبەجێ ناکرێت، واتا پەیوەندیی گشــتی لە ناو پارتی ســیاسی و حکومەت و پەرلەمان لاوازە و هێشــتا تێگەیشـــتنی پێویســـت لە بارەی چەمکی پەیوەندییە گشـــتییەکان نییە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ خراپ جێبەجێکردنی پەیوەندییە گشتییەکان.

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت ســەرجەم توێژینەوەکانی پێشــو لە چوارچێوەیەکی گشــتی واتا ئەرکی پەیوەندییە گشــتییەکان لە حکومەت و پەرلەمان ئەنجامدراون و پشتیان بە میتۆدی ڕاپێوی بەستوە، بە پێچەوانەوە ئەم توێژینەوەیە ورد بوەتەوە لە ڕۆڵی پەیوەندییە گشــتییەکان لە پرســێک لە پرســەکان کە حکومەت لێی بەرپرســە و پشــتی بە میتۆدی چۆنییەتی دەبەستێت بۆ شرۆڤەکردن و ڕاڤەکردنی پاساوەکانی و ئەمەش دەرخەری پێویستیی ئەنجامدانی وەها توێژینەوەیەکە لەم کاتەدا.

### 1.2: کێشەی توێژینەوەکە

پەیوەندییە گشـــتییەکان کار لە ســـەر دروســـتکردنی پەیوەندییەکی ئەرێنی لەنێوان دامەزراوە و جەماوەر و خاوەن بەرژەوەندییەکانی (Stakeholder) دامەزراوە دەکات. جەماوەر و "خاوەن بەرژەوەندی"یەکان بەپێی پرس و بابەتە جیاجیاکان دەگۆڕێت. لە پرسی دانوستانی بودجەدا وێڕای قایلکردنی تیمی دانوستانکاری بەرامبەر، ڕازیکردنی جەماوەری لایەنی بەرامبەریش گرنگە، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی پلان و هەوڵ و کەمپینی حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی دامەزراوە و کەناڵەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی کە وا دەخوازێت هاوکات لەگەڵ ئەوەی کار لە سەر جەماوەری کوردستان دەکات بەمەبەسـتی دروسـتکردنی تێگەیشـتن لەسـەر مافە دارایی و ئابورییەکانی لە بودجەی عێراقدا و لە هەمانکاتدا کار لەسـەر دروســـتکردنی تێگەیشـــتن لەناو جەماوەری عێراقی کە بە زمانی گشـــتی پێدوترێت (شـــەقامی عەرەبی) و هەروەها دەسـتەبژێری سـیاسـیی عێراق بکات، بە جۆرێک هاوسـۆزی ئەوان لە بەرژەوەندیی بەشـە بودجەی هەرێم بەدەسـت بهێنێت. لەم ڕوانگەیەوە کێشـــەی توێژینەوەکە لە پرســـیارێکی ســـەرەکیدا گەڵاڵە دەبێت کە ئایا حکومەتی هەرێم تا چەندە و لە چ ئاسـتێکدا توانیویەتی پەیوەندییە گشـتییەکان بەکاربهێنێت بۆ دروسـتکردنی تێگەیشـتن لەناو جەماوەر و خەڵکی خاوەن بەرژەوەندی هەرێم لەلایەک و لەلایەکی دیکەشـــەوە لەناو جەماوەر و خەڵکی خاوەن بەرژەوەندی لایەنی بەرامبەر (شەقامی عێراقی) تا بتوانێت سـەرکەوتنی پرۆسـەی دانوسـتانەکانی بودجە لە بەرژەوەندی دابینکردنی شـایسـتە داراییەکانی هەرێم مسۆگەر بکات.

### 1.3: پرسیاری توێژینەوەکە

پرســـیاری ســـەرەکی ئەم توێژینەوەیە هەروەک چۆن لە کێشـــەی توێژینەوەدا ئاماژەی پێ درا بریتییە لە چۆنییەتی بەکارهێنانی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمە لە دروسـتکردنی تێگەیشـتن لەسـەر بەشـە بودجەی هەرێم لەناو

جەماوەر و خەڵکی خاوەن بەرژەوەندی چ لە ناوخۆی هەرێم و چ لەسەر ئاستی عێراقدا کە ئەمەش خۆی لە سێ پرسیاردا دەبینێتەوە:

1. ئایا حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی ئیدارەدانی میدیای تایبەت بەخۆی (In-house media) چۆن کاری لەسەر دروستکردنی تێگەیشتن لەسەر بەشە بودجەی هەرێم لەناو جەماوەر و خاوەن بەرژەوەندییەکانی بودجەدا کردوە؟
2. ئایا حکومەتی هەرێم چۆن پەیوەندیی میدیایی بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی تێگەیشتن لەسەر بەشە بودجەی هەرێم لەناو جەماوەر و خاوەن بەرژەوەندییەکانی بوجەدا؟
3. ستراتیژی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم لەسەر پرسی بودجە و دروستکردنی تێگەیشتن لەناو جەماوەر و خاوەن بەرژەوەندییەکانی بودجە چۆن بوە؟

### 1.4: ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە:

1. شرۆڤەکردن و هەڵسەنگاندنی چۆنییەتی بەکارهێنانی میدیای دامەزراوە (In-house media) لەلایەن پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمەوە لەپێناو دروستکردنی تێگەیشتن لەسەر بەشە بودجەی هەرێم لەناو جەماوەر و خاوەن بەرژەوەندییەکانی بودجە.
2. هەڵسەنگاندنی چۆنییەتی بەکارهێنانی پەیوەندیی میدیایی لەلایەن پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمەوە لە کاتی دانوستانەکانی یاسای بودجەی ٢٠٢١ لەپێناو دروستکردنی تێگەیشتن لەناو جەماوەر و خاوەن بەرژەوەندییەکانی بودجە.
3. هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی ستراتیژی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم لە کاتی دانوستانەکانی یاسای بودجەی ٢٠٢١

### 1.5: گرنگی توێژینەوەکە

1. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆ لێکۆڵەران و پسپۆڕانی پەیوەندییە گشتییەکان گرنگە کە چۆن حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی پەیوەندییە گشتییەکانەوە کاری لەسەر دابینکردنی بەشە بودجەی هەرێم کردوە.
2. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنێکی زانستییە بۆ ئاستی سەرکەوتویی و کارایی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی هەرێم. پسپۆڕانی پەیوەندییە گشتییەکانی هەرێم دەتوانن سود لە ئەنجام و ڕاسپاردەکانی ئەم توێژینەوەیە ببینن و ڕەنگدانەوەی لەسەر شێوازی کارکردنیاندا هەبێت لە داهاتودا.
3. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆ جەماوەر و ڕۆژنامەوان و چاودێرانی سیاسی گرنگیی خۆی هەیە و زیاتر بەرچاوڕونیان دەکات لە هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای تیمەکانی دانوستانکاری حکومەتی هەرێم لە ڕابردو و لە داهاتوشدا.

### 1.6: میتۆدی توێژینەوەکە

بەپێی پرسیار و ئامانجی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی چۆنییەتی (Qualitative Method) بەکارهێندراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕێگەی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن کە میتۆدێکی باوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەگەڵ ئەو کەسانەی کە شارەزاییان هەیە لەبواری توێژینەوە و توانای شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی دیاردەکەیان هەیە و سودیان لێ دەبیندرێت بۆ شرۆڤەکردنی چییەتی و شرۆڤەکرنی زانیارییەکان. بەپێی هێس لە کتێبی ئینسایکلۆپیدیای پەیوەندییە گشتییەکان، میتۆدی چۆنییەتی زۆر گرنگە لە توێژینەوەی پەیوەندییە گشتییەکاندا بەو پێیەی زانیاری ورد تێگەیشتنی قوڵ لەسەر بابەتی توێژینەوەکە بەرجەستە دەکات (Heath, 2013: 766). زانیارییە کۆکراوەکانی چاوپێکەوتنەکان لەڕێگەی میتۆدی بابەتی شیکاری (Thematic Analysis) کە میتۆدێکی گونجاوە لە چوارچێوەی میتۆدی چۆنییەتیدا و بەکاردەهێندرێت بۆ شرۆڤەکردنی ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندی بە پرسیار و ئەو دیاردەیەوە هەیە کە توێژینەوەکەی لەسەر دەکرێت و پشت بە مانای قوڵی گفتوگۆ دەبەستێت و هەڵوەستە لەسەر مەبەستی ڕواڵەتی ڕاستی دەربڕین و ڕستە و پەرەگرافی زانیارییەکان دەکات (Terry & Hayfield, 2021).

### 1.7: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە

بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی چۆنییەتی دەبەستێت و کار لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی پرسی دانوستانی بودجە دەکات، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتییە لە ڕاپەڕێنەرانی پەیوەندییە گشتییەکان و ئەو بەرپرسانەی کە ئاگایان لە پەیوەندیی گشتیی حکومەتی هەرێمە بەتایبەتی لە پرسی هەوڵەکانی حکومەت لە بەکارهێنانی پەیوەندییە گشتییەکان لەپێناو دروستکردنی تێگەیشتن لەسەر بەشە بودجەی هەرێم لە دانوستانەکانی بودجەی ساڵی ٢٠٢١. هەروەها هەمو خاوەن بەرژەوەندییەکانی بودجە لە هەرێم و عێراقدا دەکەونە چوارچێوەی کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە کە بریتییە لە هەمو هاونیشتمانیانی عێراق و کوردستان و ئەمەش لە ڕێگەی سامپڵی مەبەستدار و بەردەستەوە چاوپێکەتن ئەنجامدراوە. ئەم جۆرە سامپڵە گونجاو و باوە لە چوارچێوەی میتۆدی چۆنییەتی (Ritchie et all, 2013: 103). ئەم جۆرە سامپڵە دەچێتە چوارچێوەی سامپڵە نا ئەگەرییەکان (Non-probability sampling) و تاکەکانی کۆمەڵگە چانس و ئەگەری ئەوەیان نابێت کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکرێت جگە لەوانەی توانای شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی دیاردەکەیان هەیە. ژمارەی ئەو کەسانەی چاپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە بریتین لە یازدە کەس چواریان ڕۆژنامەنوسی کوردن و وەکو چاودێری سیاسی ڕۆڵ دەگێڕن و شارەزای پرسی ئەم توێژینەوەن. هەروەها دو کەسی دیکەی سامپڵەکە ڕۆژنامەنوس و چاودێری سیاسیی عەرەبن. هەروەها کەسێکی دیکەی چاوپێکەوتن لەگەڵکراوان مامۆستای میدیای سیاسییە. لەناو بەرپرسە سیاسییەکاندا بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیدارە بە پەیوەندییە گشتییەکانی هەرێمەوە، چاوپێکەوتن لەگەڵ جوتیار عادل بەرپرسی فەرمانگەی میدیای و زانیاری حکومەت و ئامانج ڕەحیم سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامی شاندی دانوستانکار کراوە. هەروەها ئاوات شێخ جەناب وەزیری دارایی و ئەندامی سەرەکیی شاندی دانوستانکار کەسێکی دیکەی سامپڵی توێژینەوەکەیە.

بەپێی ڕێکخستنی کاتی چاوپێکەوتنەکان و بەردەستبونیان چاوپێکەتنەکان لەنێوان مانگەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ بۆ ئایاری ٢٠٢٣ ئەنجامدراون.

## 2: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

### 2.1: پەیوەندیی دارایی نێوان هەرێم و ناوەند لە سیستمە فیدراڵییەکاندا

لە سیستمی فیدراڵدا دەسەڵاتەکان بەپێی دەستور لە نێوان ناوەند و هەرێمەکاندا دابەش دەبێت، چۆنییەتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە هەر وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە. لە هەندێک وڵات هەرێمەکان سەربەخۆیی زیاتریان هەیە و لە هەندێک وڵاتیش کەمتر (Elliot Bulmer, 2017: 13-19)

بەپێی دەستوری وڵاتانی فیدراڵ سێ جۆر لە دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکاندا هەیە. لە جۆری یەکەمدا دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵ لە دەستوردا دیاری دەکرێت و ئەو دەسەڵاتانەی کە لە دەستوردا ئاماژەی پێ نەدراوە دەکەوێتە سنوری دەسەڵاتی هەرێمەکانەوە. لە جۆری دوەمیشدا لە دەستوردا ئاماژە بە سنوری دەسەڵاتەکانی هەردو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان دراوە و سنوری دەسەڵاتی دامەزراوە فیدراڵییەکان و حکومەتی هەرێمەکان دیاری کراوە. لە دواین جۆریشدا جگە لەوەی لە دەستوردا سنوری دەسەڵاتە تایبەتەکانی هەردو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان دیاری کراوە، ئاماژە بە دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان هەردو حکومەتیش دراوە ( Elliot Bulmer, 2017: 13-19) بەپێی دەستور، فیدراڵیزمی عێراق بە هەندێک جیاوازییەوە زیاتر لە جۆری سێیەمەوە نزیکە، بەڵام ئەگەر ناکۆکییەک هەبێت ئەولەوییەت بۆ یاساکانی هەرێمە (دەستوری عێراق، مادەی ١١٥، ٦٦).

لەڕوی داراییشەوە بەپێی جۆری فیدراڵیزمەکە دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکاندا دابەش کراوە. لە فیدراڵیزمی ئەمریکادا بەپێی مادەی ١٠ی دەستوری ئەو وڵاتە هیچ هەرێمێک بۆی نییە بەبێ ڕەزامەندی کۆنگرە ڕێورشوێنی تایبەت بگرێتەبەر بۆ وەرگرتنی باج یان هەناردە و هاوردە و وەرگرتنی گومرگ. هەروەها بەبێ ڕەزامەندی کۆنگرە هیچ هەرێمێک بۆی نییە ڕێککەوتن و گرێبەستی لەگەڵ هەرێمێکیتر یان وڵاتێکی بیانیدا هەبێت. سیاسەتی دراو و چاپی پارە لە مۆنۆپۆلی حکومەتی فیدراڵدایە (دەستوری ئەمریکا). هەروەها لە حاڵەتێکدا ئەگەر یاساکانی فیدراڵی لەگەڵ یاسای ویلایەتێک (هەرێم) ناکۆک بون، ئەولەوییەت بۆ یاسای فیدراڵە (افراسیابی، ١٣٨٧، ١٢٣-١٣٣).

لە فیدراڵیزمی ئەڵمانیادا دەسەڵاتی یاسادانان دەسەڵاتێکی فیدراڵییە و پەرلەمانی ئەڵمانیا یاساکان دادەنێت، بەڵام جێبەجێکردنی هەندێک لە یاساکان دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمەکان. بۆ نمونە سەبارەت بە باج و گومرگ پەرلەمانی فیدراڵی یاسا دادەنێت و حکومەتی هەرێمەکان خۆیان بەپێی تایبەتمەندیی خۆیان و بەپێی یاسای فیدراڵی باج و گومرگ ڕێکدەخەنەوە (صباغیان، ١٤٠٠، ١٤٢٠).

فیدراڵیزمی عێراق کە لە سەر بنەمای نەتەوەیی دامەزراوە و لە دەستوردا دەسەڵاتەکان بەپێی لێکتێگەیشتینی لایەنی کوردی و لایەنی عەرەبی دابەش کراوە (Manoui and others, 2022: 650). هەربۆیە بەپێی بارودۆخی سەردەمی نوسینەوەی دەستور و تەرازوی هێز لەنێوان دو لایەنی کوردی و عەرەبی بە جۆرێک دەسەڵاتەکان دابەش کراوە کە لایەنی کوردی ڕازی بێت یان هەندێک مادە و بڕگەی بە جۆرێک داڕێژراوە کە تا ئێستاشی لەگەڵدابێت لایەنە کوردی و لایەنە عێراقییەکان خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکەن. بۆ نمونە سەبارەت بە نەوت و گاز کە سەرچاوەی کێشە داراییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدایە، لە مادەی ١١١ی دەستوردا دەڵێت نەوت و گاز موڵکی هەمو خەڵکی عێراقە لە هەمو هەرێم و پارێزگاکاندا. ئەم مادەیە ئەو ئاراستەیە بەهێز دەکات کە دەسەڵاتی ئیدارەدانی نەوت و گاز لە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵدایە. کەچی لە مادەی ١١٢دا بڕگەی یەکەم باسی ئەوە دەکات حکومەت فیدراڵ لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نەوت و گازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوەدەبات.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم هاوبەشن لە ئیدارەدانی نەوت و گازدا، جگە لەوەش بەکارهێنانی دەستەواژەی "کێڵگەکانی ئێستا" پرسەکەی ئاڵۆزتر کردوە، ئەم دەستەواژەیە لەلایەن لایەنی کوردییەوە بەوجۆرە لێکدەدرێتەوە کە مەبەست لەو کێڵگە نەوتییانەیە کە بەر لە نوسینەوەی دەستور کاریان تێداکراوە و ئەو کێڵگانە ناگرێتەوە کە دواتر لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دۆزراونەتەوە و کاری تێدا دەکات (ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٢). جگە لەوانەش هەر لە مادەی ١١٢دا و لە بڕگەی دوەمدا دەڵێت، حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و گاز بە یەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی ستراتیژی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی نەوت و گاز (دەستوری عێراق، ٦٤). هەمو ئەمانەش سەرچاوەی سەرەکی کێشەی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانە. هەربۆیە کاتێک دادگای فیدراڵی بڕیار دەدات لەسەر نادەستوریبونی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، لایەنی کوردی وەک بڕیاری سیاسی سەیری بڕیارەکە دەکات (سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٢).

لە بەشی دەسەڵاتە فیدراڵییەکاندا لە مادەی ١١٠ی دەستوری عێراق هاتوە، قەرزکردن و ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتە ئابوری و بازرگانییە دەرەکییە سەروەرییەکان، ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دارایی و گومرگ و دەرکردنی دراو و ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لەسەر سنوری هەرێم و پارێزگاکانی عێراق و دانانی بودجەی گشتی عێراق و ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دراو و دامەزراندن و بەڕێوەبردنی بانکی ناوەندی لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵن. بەڵام لە مادەکانی ١١٤ و ١١٥دا کە باس لە دەسەڵاتە هاوبەشەکان کراوە دەڵێت بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی گومرگ بە هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمەکان دەبێت و ئەگەر ناکۆکیش دروست بو پێشینە بۆ یاساکانی هەرێمە.

2.2: بنەماکانی ڕێکخستنی بودجەی هەرێم لە عێراقدا

ساڵی ٢٠٠٣ لە ئەنجومەنی حوکم لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ دیاریکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق. بەهۆی ئەوەی کە هیچ ئامارێک لەسەر ژمارەی دانیشتوان لەبەردەستدا نەبو، دیاریکردنی ڕێژەیەک بۆ پشکی هەرێم مشتومڕێکی زۆری دروست کرد. ئەندامانی کوردی لیژنەکە داوای پشکی ٢٠٪ و زیاتریشیان دەکرد، لە بەرامبەریشدا ئەندامە عەرەبەکانی لیژنەکە پێداگرییان لەسەر ڕێژەی ١٠٪ بۆ ١٢٪ دەکرد. بەڵام لەم نێوانەدا جەلال تاڵەبانی سەرۆککۆماری پێشوی عێراق دەستپێشخەری کرد و وتی نە قسەی کوردەکان بێت و نە قسەی عەرەبەکان، با پشکی هەرێم ١٧٪ بێت، بەم شێوەیە لەسەر ڕێژەی ١٧٪ ڕێککەوتن کرا (هەورامی، ٢٠٢٢).

لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٤ بە بەردەوامی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراقدا بە ڕێژەی ١٧٪ دیاری دەکرا، بەڵام لەم نێوانەدا هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی ڕەخنەی دەگرت کە ئەو پشکە وەک خۆی نادرێت و لەژێر

ناوی بودجەی سـیادی لەنێوان ٥ ٪ بۆ ٧ ٪ ئەو ڕێژە دیاریکراوە ڕەوانە نەدەکرا بەپێی توێژینەوەیەک لەنێوان سـاڵانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٣ تێکڕای ڕێژەی سـاڵانەی بەرکەوتەی هەرێمی کوردسـتان لە بودجەی گشـتیی عێراق تەنها ١١,١١ ٪ بوە (گوڵپی، ٢٠١٧).

سەرەڕای ئەوەی پشکی١٧ ٪ـی بودجە بۆ هەرێمی کوردستان لە یاسای بودجەی ساڵی 2014 جێگیر کرابو، بەڵام لە مانگی شـوباتی ئەو سـاڵەدا کاتێک ناکۆکییە سـیاسـیی و داراییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا گەیشـتە لوتکە، نوری مالیکی سـەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی عێراق بە پاسـاوی هەناردەکردنی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، بە بڕیارێک بەشـی بودجەی هەرێمی بڕی و هەرێم بەم بڕیارە توشی قەیرانێکی دارایی قورس بو(حەمە، ٢٠١٦). لە دوای دەسـتبەکاربونی حەیدەر عەبادی سـەرۆکوەزیرانی عێراق بەهۆی گۆڕانکاری لە شـێوازی ئامادەکردنی یاسـای بودجەدا، پشـکی هەرێمی کوردسـتان لە بودجە لە دوای سـاڵی ٢٠١٥وە گۆڕانکاری گەورەی بەسـەرداهات و بۆ ڕێژەی ١٢,٦٧ ٪ کەمی کرد (ڕەحیم، ٢٠٢٢).

## 2.3: ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان

### 2.3.1: ئیدارەدانی میدیای دامەزراوە (Inhouse Media)

پۆڵ ئارجێنتی، پسـپۆڕی پەیوەندییە گشـتییەکان پێیوایە میدیا کەناڵ و ڕێڕەوێکە کە کۆمەڵگا لەڕێگەیەوە وێنەی ڕێکخراوەکە یان دامەزراوەکە دەبینن. دامەزراوەکان میدیا بەکاردەهێنن بۆ بەدەسـتهێنانی "پشـتگیری". پاڵنەری بە دەسـتهێنانی پشـتگیری هۆکاری سـەرەکییە بۆ ئەوەی پسـپۆڕانی پەیوەندییە گشـتیەکان لە کاتی دانان و پەرەپێدانی سـتراتیژییەکانی پەیوەندیکردندا گرنگی زیاتر بە میدیا بدەن (Argenti, 2017: 146-160). کاتێک لە پەیوەندییە گشتییەکاندا باس لە میدیا دەکرێت، مەبەست لە دو جۆری میدیایە، یەکەمیان میدیای کلاسیکی وەک ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، دوەمیش میدیای نوێ یان سـۆشـیاڵمیدیایە. لە وڵاتانی دیموکراسی و ڕۆژئاوایی حکومەتەکان خاوەنی میدیای کلاسـیکی تایبەت بە خۆیان نین کە بانگەشـە بۆ سـیاسـەتەکانیان بکات. ئەگەر میدیایەکیش هەبێت ئەوە میدیای نیشـتمانییە، وەک دەنگی ئەمریکا VOA، ئەوەش بەو مانایە نییە کە ئەم میدیایە لە چوارچێوەی سـیاسـەتی فەرمی ئیدارەی ئەمریکادا کار دەکات، بەڵکو وەک لە پەیڕەوی کەناڵەکەدا هاتوە ڕاسـتە بودجەی میدیاکە لە ڕیزی بودجەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادایە، بەڵام کەناڵەکە دەبێت لە ململانێ حیزبی و سـیاسـییەکانی ناوخۆی ئەمریکادا تەواو بێ لایەن بێت (insidevoa, 2023).

بەڵام لە کوردسـتان ئەگەرچی حکومەت خاوەنی میدیای کلاسـیک بەوشـێوەیە نییە، بەڵام حیزبەکانی بەشـدار لە حکومەت و کەسـایەتییە کاریگەرەکان خاوەنی میدیای تایبەت بە خۆیانن کە ئەرکیان بانگەشـەکردنە بۆ حکومەت و کەسایەتییەکانی ناو حکومەت.

سەبارەت بە جۆری دوەمی میدیا واتە سۆشیاڵمیدیا زۆر قورسە دیاری بکەین کە سەرەتای سۆشیاڵمیدیا لە پەیوەندییە گشـتییەکاندا بەچی دەسـتی پێکرد و کەی دەسـتی پێکردوە. ئەوەندە دەزانین وشـەی سـۆشـیاڵمیدیا بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٩٨دا لە توێژینەوەیەکی پەیوەندییە گشـتییەکاندا بەکارهێنرا. بەڵام یەکەم توێژینەوەی تایبەتمەند لەسـەر پەیوەندیی سۆشیاڵمیدیا و پەیوەندییە گشتییەکان لە ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوکرایەوە (Kent, 2020: 3) سەرەتا سۆشیاڵمیدیا لە فۆرمی بلۆگدا دەسـتی پێکرد و دواتر لە دوای سـاڵی ٢٠٠٨ تۆڕەکانی فەیسـبوک و تویتەر لە توێژینەوەکانی پەیوەندییە گشتییەکاندا گرنگی پێدرا.

لە سـۆشـیاڵمیدیادا وەرگر چەقی بابەتەکەیە، هەربۆیە پێویسـتە بەشی پەیوەندییە گشـتییەکانی هەر دامەزراوەیەک تێگەیشتنی قوڵی بۆ تایبەتمەندییەکانی سۆشیاڵمیدیا هەبێت و بەردەوام لە هەوڵی پەرەپێدانی تواناکانی خۆیاندابن لەناو سـۆشـیاڵمیدیا بۆ ئەوەی بتوانن بە باشـترین و کاریگەرترین شـێواز پەیامی دامەزراوەکەیان بە وەرگر بگەیەنن. جگە لەوەش سۆشیاڵمیدیا شوێنێکی گونجاوە بۆ ئەوەی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان پەیام و خواست و داواکاری خەڵک بە دامەزراوەکەیان بگەیەنن.

بێنکلێر پێیوایە بەکارهێنانی سۆشیاڵمیدیا لە کەرتی گشتیدا دەرفەت بۆ هاووڵاتیان دەرەخسێنێت، کە بیرۆکەکانیان بخەنەڕو بەبێ ئەوەی ترسیان لە کۆنترۆڵکردن هەبێت لەلایەن لایەنێکی دیاریکراوەوە (Benkler, 2006: 259-261) ، هەربۆیە حکومەتێکی کارا و باش کە گرنگی بە متمانەی هاووڵاتییان بە دامەزراوەکانی دەدات، نەک هەر سۆشیاڵمیدیا وەک مەترسی سەیر ناکات، بەڵکو بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەت هەوڵ دەدات سۆشیاڵمیدیا وەک دەرفەت سەیر بکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی متمانەی هاووڵاتیان بە حکومەت.

2.3.2: پەیوەندیی میدیایی (Media Relatins)

یەکێک لە پێناسە کۆن و سەرەتاییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بریتیبو لەوەی پەیوەندییە گشتییەکان هونەری بەکارهێنانی عەقڵانی و ژیرانەی میدیایە بۆ کاریگەریی دانان و ئاراستەکردنی ڕای گشتی. ئەم تێگەیشتنە سەرەتاییە بۆ پەیوەندییە گشتییەکان ڕونی دەکاتەوە کە پەیوەندییە گشتییەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان وابەستە و گرێدراوی میدیایە و بەبێ میدیا وەک مەلێکی پەڕوباڵ کراوە و ناتوانێت بفرێت. ئایڤی لی کە بە باوک و پێشەنگی پەیوەندییەکان گشتییەکان دادەنرێت، خۆی لە ساڵانی دەستپێکی سەدەی بیستەمدا ڕۆژنامەنوس و پەیامنێری ئابوری بو لە ڕۆژنامەکانی ئەمریکا و بیرۆکەکانی سەبارەت بە پەیوەندییە گشتییەکان لە هەناوی تێگەیشتنییەوە بۆ کاری ڕۆژنامەوانی و میدیاوە سەرچاوەی گرتبو(Britannica, 2022).

پەیوەندی میدیایی بەشێکی گرنگی چالاکیی پەیوەندییە گشتییەکانە. هیچ کەسایەتییەکی گشتی و دامەزراوەیەک و تەنانەت حکومەتێکیش ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە بەبێ بەکارهێنانی شێوازێک لە شێوازەکانی پەیوەندی میدیایی لە چالاکییەکانی ڕۆژانەدا. پەیوەندی میدیایی یارمەتی کەسایەتییە گشتییەکان و دامەزراوەکان دەدات بۆ ناساندنی خۆیان و گەیاندنی پەیامەکانیان بە ڕای گشتی، تەنانەت لەڕێی پەیوەندیی میدیاییەوە دەتوانن ئاگاداری ئەو بۆچون و زانیارییانە بن کە لەناو ڕای گشتیدا سەبارەت بەوان دروست بوە (Aja, 2019: 62–71).

بەبۆچونی پۆلسکی پەیوەندیی میدیایی بریتییە لەو پەیوەندییەی کە دامەزراوەیەک یان بەرپرسانی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەو دامەزراوەیە لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان و میدیادا هەیانە(Polsky, 2021). دراگلیڤیش پێیوایە پەیوەندیی میدیایی بەشێکە لە کاروباری پەیوەندییە گشتییەکان کە تەنیا سەرنج دەخاتە سەر پەیوەندییە ستراتیژییەکانی کۆمپانیایەک یاخود دامەزراوەیەک لەگەڵ دەزگاکانی میدیا(Dragilev, 2022). لە پەیوەندیی میدیاییدا کۆمپانیاکان یان خود دامەزراوەکان هەوڵ دەدەن میدیا بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و چیرۆکەکەیان.

بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی تەندروستی میدیایی پێویستە:

یەکەم: کەسانی پسپۆڕ و پیشەیی لە بواری میدیادا لە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان کاربکەن و ئاگاداری یاسا و ڕێوشوێنەکانی کاری ڕۆژنامەوانی بن و بزانن کە هەر میدیایەک کۆمەڵێک یاسا و ڕێوشوێنی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکان و ناتوانن هەمو شتێک بڵاوبکەنەوە (فرکوش و صدری نیا، ١٣٩٠، ٩٩-١١٥).

دوەم: ڕاستگۆیی و لێکتێگەیشتن و ڕێزگرتن و دروستکردنی متمانە پێویستییەکانی دروستکردنی پەیوەندییەکی باش و تەندروستە لەگەڵ میدیادا. پەیوەندییە گشتییەکان لەگەڵ پێدانی هەر زانیارییەک ئامادەیی ئەوەیان تێدابێت کە ئەگەر میدیاکە داوای بەڵگە و زانیاری وردتری کرد پێشکەشیانی بکەن، بۆ ئەوەی میدیا ئەو هەستەی لا دروست نەبێت کە پەیوەندییە گشتییەکان تەنها وەک ئامرازێک بۆ ڕیکلام و بانگەشە سەیری کەناڵەکەیان دەکات (فرکوش و صدری نیا، ١٣٩٠، ٩٩-١١٥).

سێیەم: وەک خزمەتگوزارییەک بۆ میدیاکان کار بکەن. لە کاتی خۆیدا وەڵامی پەیوەندییەکانی میدیاکاران بدەنەوە و وەڵامی پرسیارەکان بە وردی و پڕ زانیاری بدەنەوە. کارئاسانییان بۆ بکەن بۆ دەستڕاگەیشتنی ئاسانتر و کەمخەرجتر بە زانیاری و بەڵگەکان (Tench and Yeomans, 2006: 115).

چوارەم: هەروەکچۆن لەکاتی سەرکەوتن و بونی زانیاری باش وەڵامی پەیوەندییەکانی ڕۆژنامەنوسان دەدرێتەوە، پێویستە ئەو کاتانەی کە هەواڵێکی نەرێنی و خراپیش بڵاوبوەتەوە، وەڵامی پەیوەندییەکانیان بدرێتەوە( Tench and Yeomans, 2006: 115).

پێنجەم: پێویســـتە پەیوەندییە گشـــتییەکان بەپێی جۆری بابەت و ڕووداوەکان و هەروەها بەپێی جیاوازی میدیاکان ستراتیژی گونجاو دابنێت بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ میدیا (Aja, 2019: 62–71).

2.3.3: ئیدارەدانی ستراتیژی

ئیدارەدانی ستراتیژی لە ڕاستیدا دانانی پلانە بۆ پەیوەندییە گشتییەکان. لە ڕابردودا ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان زیاتر لە چوارچێوەی ئـامـادەکردنی هەواڵ و بڵاوکردنەوەی زانیـاری، بەڕێوەبردنی کۆڕوکۆبونەوە و کۆنفرانس و ســـمینـار و ئامادەکردنی ڤیدیۆ و فیلم بۆ ڕیکلام، بڵاوکردنەوەی هەواڵنامە و گۆڤار و بڵاڤۆک و بەشـــداریکردن لە پێشـــانگاکان و .. هەندێک کاری دیکەی هاوشـــێوە پێناســـە دەکرا. بەڵام لە ئێســـتادا پیشـــەی پەیوەندییە گشـــتییەکان بەربڵاوتر بوە و پێویستیی بە کاری توێژینەوە و ئامادەکردنی پلانی ستراتیژی هەیە.

بە بۆچونی (Smith, 2020: 15-16) لە پەیوەندییە گشـــتییەکاندا دو جۆر لە ئیدارەدان هەیە، ئیدارەدانی تاکتیکی و ئیدارەدانی ســـتراتیژی. لە ئیدارەدانی تاکتیکیدا بەڕێوەبەرانی پەیوەندییە گشـــتییەکان پلان بۆ چۆنییەتی جێبەجێکردنی کاروباری ڕۆژانەی پەیوەندییە گشـتییەکان دادەنێن. بۆ نمونە بڕیار لەســەر ئەوە دەدەن زانیارییەک چۆن بڵاوبکەنەوە، ئایا ڕاستەوخۆ بۆ میدیاکانی بنێرن یان کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی بۆ ڕێک بخەن.

لە کاتێکدا لە ئیدارەدانی ســـتراتیژیدا بەڕێوەبەرانی پەیوەندییە گشـــتییەکان ئەرکێکی بەرفراوانتریان هەیە. پێویســـتە خوێندنەوە بۆ هەڕەشـــەکان و دەرفەتەکان لە کورتماوە و درێژخایەندا بکەن. پلان دادەنێن کە چۆن هەڕەشـــەکان و مەترســـییەکانی ســـەر ڕێکخراوەکە کەم بکەنەوە یان بە تەواوی لەناوی ببەن. هەروەها چۆن دەرفەتەکان بە باشـــترین شێوە بەکاربهێنن بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە ستراتیژییەکانی ڕێکخراوەکە. توێژینەوە دەکەن لەسەر ناوەڕۆکی قەیرانەکان و پلانی ســـتراتیژی بۆ بەرەنگاربونەوەی قەیرانەکان ئامادە دەکەن، یان پلان دادەنێن کە چۆن میدیا و ســـۆشـــیاڵ میدیا بەکاربهێنرێت کە خزمەتی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە بکات (Smith, 2020: 66).

پســـپۆڕانی پەیوەندییە گشـــتییەکان چەندین قۆناغ و هەنگاویان پێناســـە کردوە بۆ ئیدارەدانی ســـتراتیژی لە پەیوەندییە گشـتییەکانی هەر ڕێکخراوێکدا. (Cutlip and others, 2000: 144) چوار قۆناغی دەســت نیشـان کردوە. قۆناغی یەکەم بریتییە لە توێژینەوە، لەم قۆناغەدا شـیکاری دۆخی ئێسـتای پەیوەندییە گشـتییەکان دەکرێت، کەموکوڕییەکان و هەڕەشە و دەرفەتەکان دەستنیشان دەکرێن، هەروەها ئەوەیکە تا ئیستا چی کراوە و چی نەکراوە و دەتوانرا چی بکرێت. قۆناغی دوەمیش دانانی پلانی ســـتراتیژییە، بەو واتایەی بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوە، پلان دادەنرێت کە دەبێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ڕێکخراوەکە چی بکرێت. قۆناغی ســـێیەمیش قۆناغی جێبەجێکردنی پلانی ســـتراتیژییە و قۆناغی چوارەمیش قۆناغی هەڵســـەنگاندنی چۆنییەتی جێبەجێکردنی ســـتراتیژەکەیە، ئەوەیکە ئایا لە قۆناغی جێبەجێکردندا چ کەموکوڕییەک هەبوە یـان خودی پلانەکە خـاڵە لاواز و بەهێزەکانی چی بوە و ئـایا بەشی پەیوەنـدییە گشـــتییەکان ســـەرکەوتوبون لە چۆنییەتی جێبەجێکردنی پلانەکە وەک خۆی یان ئەوەیکە لە جێبەجێکردنەکە ڕوبەڕوی کێشـــە بونەتەوە.

ئان گرێگۆریش هاوشێوەی سکۆت کۆتلیپ ئیدارەدانی ستراتیژی بەسەر چوار قۆناغدا دابەش دەکات. قۆناغی یەکەم قۆناغی تێگەیشـتنە لە دۆخی ئێسـتای پەیوەندییە گشـتییەکانی ڕێکخراوەکە و ئاگاداربونە لە کەموکوڕیی و هەڕەشـە و دەرفەتەکان. قۆناغی دوەمیش قۆناغی دانان و هەڵبژاردنی ستراتیژێکی گونجاوە لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە و قۆناغی سێیەمیش قۆناغی جێبەجێکردنی ستراتیژە و قۆناغی کۆتاییش قۆناغی هەڵسەنگاندنە و تێگەیشتنە لەوەی ئایا پلانەکە تا چەندە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەی بەدیهێناوە و کاریگەرییە باش و خراپەکانی چی بون (Gregory, 2015: 21).

**3: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

بەپێی ئامانج و پرســـیاری توێژینەوە، ئەنجامی توێژینەوە دابەش دەبێت بەســـەر سێ تەوەرەدا کە بریتین لە ئیدارەدانی میدیای دامەزراوە (ئینهاوس میدیا)، پەیوەندیی میدیایی و ئیدارەدانی ستراتیژی.

**3.1: ئیدارەدانی میدیای دامەزراوە (Inhouse Media)**

وەکو لە بەشی تیۆری توێژینەوە ئاماژەی پێکرا کە میدیای دامەزراوە کە لێرەدا مەبەســـت لێی میدیای فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردسـانە و هەمو ئەرکە میدیاییەکان ڕادەپەڕێنێت سـەبارەت بە هەمو پرسـەکان بەتایبەت پرسی دانوسـتانی بودجە. وەکو ئاشـکرایە حکومەتی هەرێم هیچ میدیایەکی بینراو و بیسـتراوی نییە کە زمانحاڵی حکومەت بێت جگە لە ماڵپەڕ و پەیجەکانی ئەنجومەنی وەزیران و فەرمانگەی میدیا و زانیاری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبوک و ئینیستاگرام و تویتەر، لە کاتێکدا میدیای بینراو و بیسـتراو ڕۆڵی لە کۆمەڵگەی کورد و عێراقیدا هەیە، کەچی حکومەت وەبەرهێنانی لەم جۆرە میدیایەدا نەکردوە.

راستە لە بەشێکی بەرچاوی وڵاتانی دیموکراسی و ڕۆژئاواییدا حکومەتەکان میدیای کلاسیکی لە جۆری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و تەنانەت ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆیان نییە کە زمان حاڵی حکومەت بێت و داکۆکی لە سیاسەت و کارنامەی حکومەت بکات یان بانگەشـــە و پڕوپاگەندە بۆ پلان و بەرنامەکانی حکومەت بکات. بەڵام لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت زۆربەی حکومەتەکان میدیـای زمـان حـاڵیـان هەیە. بۆ نمونە لە ئێران، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە ژێر نـاوی ڕێکخراوی دەنگوڕەنگی کۆماری ئیســـلامیدا، بە تەواوی لە مۆنۆپۆلی حکومەتدایە و حیزب و لایەنی ســـیاسی و کۆمپانیای کەرتی تایبەت بۆی نییە ئەم جۆرە لە میدیای هەبێت. یان لە تورکیا کەناڵەکانی TRT کە خۆی لە چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنیدا دەبینێتەوە، میدیای فەرمی دەوڵەتە و هەر پارتێکی سـیاسی لە دەسـەڵاتدابێت ئەو میدیایە بانگەشـە بۆ سـیاسـەتەکانی دەکات. لە عێراقیش تۆڕی میدیایی عێراق کە خۆی لە ڕۆژنامەی ســـەباح و کەناڵی تەلەفزیۆنی عێراقییەدا دەبینێتەوە میدیای فەرمی دەوڵەتە، بەڵام لەم نێوانەدا هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی سیاسی خاوەنی ئەم جۆرە لە میدیا نییە.

دکتۆر شێرکۆ جەبار پێیوایە:

**پرسی میدیای نیشتمانیش لە هەرێمی کوردستان وەک زۆر پرسی دیکە بوەتە قوربانی بە حیزبیکردنی دامەزراوەکان. ئەگەر بە دیوێکی دیکە خوێندنەوەی بۆ بکەین، نەبونی میدیایەکی لەو جۆرە بەو مانایە نایەت کە دەســـەڵاتدارانی هەرێمی کوردســـتان بە درێژایی سێ دەیەی ڕابردو لە ڕۆڵ و گرنگی میدیا ئاگادارنەبن، چونکە حیزبەکانی بەشـــدار لە حکومەت و تەنانەت حیزبە ئۆپۆزسـیۆنەکانیش هەر هەمویان خاوەنی میدیای بیسـتراو و بینراوی تایبەت بە خۆیانن کە بانگەشـە بۆ سـیاسـەت و کارنامەی تیمەکانی خۆیان لە حکومەتدا دەکەن. لەوەش زیاتر تەنانەت هەندێک لە کەسـایەتی و بەرپرسـانی باڵای هەرێم خاوەنی میدیای بیستراو و بینراوی تایبەت بە خۆیانن.**

نێچیرڤان بارزانی سـەرۆکی ئێسـتای هەرێم و سـەرۆکی پێشـوی حکومەتی هەرێم خاوەنی دامەزراوەیەکی میدیاییە بە ناوی تۆڕی میدیایی ڕوداو، کە لە ماوەی زیاتر لە دە سـاڵی ڕابردودا کاریگەری بەرچاوی هەبوە لە کوردسـتان. مەسرور بارزانی سـەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم خاوەنی کەناڵی کوردسـتان ٢٤ و ڕۆژنامەی باسـە کە لە کەناڵە تەلەفزیۆنییە گەورەکانی هەرێمی کوردستانە، ئەمەش جگە لەوەی کە هەندێک لە بەرپرسانی دیکە ماڵپەڕ و سۆشیاڵمیدیای فەرمی و نافەرمی تایبەت بە خۆیان هەیە کە بانگەشەیان بۆ دەکەن.

بەڵام ئەوەی کە بۆچی گرنگی بە دروسـتکردنی میدیای نیشـتمانی یان میدیای زمانحاڵ نادەن، جگە لە بۆچونەکەی دکتور شێرکۆ جەبار، زانکۆ ئەحمەدی ڕۆژنامەوان دەڵێت:

**"بەرپرسانی حکومەت هەمو هەوڵیان ئەوەیە میدیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان و لایەنە سیاسییەکەی خۆیان بەکاربهێنن، نەک بۆ بەرژەوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان".**

ئەمەش دو خوێندنەوەی لێ دەکرێت، یەکەم؛ بەو پێیەی حکومەتەکانی هەرێم هەمویان حکومەتی هاوپەیمانی چەند حیزبی پێک ناکۆک بون، بەرپرس و بڕیاردەرەکانی حکومەت کەمتر حەزیان لە بودجە تەرخانکردن بۆ میدیایەک هەیە کە زمانحاڵی کۆی حکومەت و دامەزراوەکان بێت.

خوێندنەوەی دوەمیش ئەوەیە حکومەتی هەرێم هێشـتا حکومەتێکی دامەزراوەیی نییە کە خاوەنی سـیسـتمێکی تۆکمەی حکومڕانی و بەڕێوەبردن بێت، بەجۆرێک سیستم و دامەزراوەکە لە حیزب و کەسەکان گرنگتربێت.

هەربۆیە میدیایەکی نیشـتمانی کە بتوانێت لەنێوان لایەنە سـیاسـییەکان و بۆچونە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا بێ لایەن بێت تەنها لە حاڵەتێکدا دروســـت دەبێت و دەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت کە حکومەتی هەرێم حکومەتێکی دامەزراوەیی

بێت، قورسایی دامەزراوەکان لە حیزب و دەسەڵاتدارەکان زیاتر بێت و حیزب و کەسی دەسەڵاتدار نەتوانێت شکۆی دامەزراوەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە. کاتێک حکومەت دامەزراوەیی بو، ئەم حکومەتە دامەزراوەییە دەتوانێت ساڵانە بودجەی دیاریکراو بۆ میدیایەکی نیشتمانی تەرخان بکات کە میدیایەکی متمانەپێکراوی کۆمەڵگابێت و ڕۆڵی کاریگەر ببینێت لە دروستکردنی ڕای گشتی لەسەر بنەمای زانیاری دروست و تەنانەت دەبێتە پاڵپشتێکی بەهێزی حکومەت کاتێک لەگەڵ بەغدا دانوستان دەکات یان لە ناکۆکیدایە.

هەروەها کاتێک باس لە ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ دەکرێت، بە تایبەت لە سەروبەندی دانوستانەکانی بودجەدا بە تەواوی هەست بە بۆشایی کەناڵی تەلەفزیۆنی بە زمانی عەرەبی دەکرێت. لەمبارەیەوە سیروان غەریب ڕۆژنامەنوس و بەڕێوەبەری ماڵپەڕ و سۆشیاڵمیدیای وێستگەنیوز دەڵێت:

**"دروستکردنی تەلەفزیۆن بە زمانی عەرەبی دەتوانێت یارمەتیدەری حکومەتی هەرێم بێت بۆ کاریگەری دانان لەسەر ڕای گشتی عەرەبی عێراق و باشترکردنی وێنەی هەرێم لەناو عێراقییەکاندا". هەروەها پێشیوایە: "وەها کەناڵێک دەتوانێت یارمەتیدەربێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی پەیوەندیی نێوان هەردو پێکهاتەی کورد و عەرەب و ببێتە هۆی لێکتێگەیشتن و هاوکاری زیاتر لەنێوان هەردولادا، بەو مەرجەی پەیام و ستراتیژی کەناڵەکە لەگەڵ بەرژەوەندی و نیگەرانییەکانی عەرەبی عێراقیشدا بگونجێت و تایبەتمەندییە کلتوری و سیاسییەکانی ئەوان بە گرنگ وەربگرێت."**

حسام ئەلکەعبی پەیامنێری کەناڵی UTV دەڵێت:

**"نەبونی وەها میدیایەک بە زمانی عەرەبی بە بۆشایی بۆ حکومەتی هەرێم دادەنێت، بەڵام هاوکات هۆشداریش دەدات کە نابێت ئەو کەناڵە بە یەک ئاراستەدا کاربکات و تەنها ئەو جۆرە پەیامە گوڵبژێر بکات کە حکومەتی هەرێم دەیخوازێت بیگەیەنێت، چونکە ئەمە مەترسیدارە و لە میسداقییەت و ڕاستگۆیی کەم دەکاتەوە و متمانە دروست ناکات."**

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە کاتی دانوستانەکانی بودجەدا و تەنانەت لەکاتی پەسندکردنی پرۆژە یاسای بودجەدا لایەنی عێراقی و پەرلەمانتاران دەکەونە ژێر کاریگەری ڕای گشتی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراقەوە و ئەمەش ئەندامانی وەفدە دانوستانکارەکان و یەک لەوان ئامانج ڕەحیم دانی پێدادەنێن. هەربۆیە بەپێی بۆچونەکانی سیروان غەریب و حسام الکعبی پێویستە یان لە چوارچێوەی میدیای نیشتمانیدا کەناڵێکی تەلەفزیۆنی عەرەبی دروست بکرێت، یان خود دەبێت بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم سەرپەرشتی دروستکردنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی پرۆفیشناڵ بە زمانی عەرەبی بکات بۆ کاریگەری دانان لەسەر ڕای گشتی عەرەبی عێراق تا لە فشاری ئەو لایەنە عێراقییانە کەم بکاتەوە کە بۆ موزایەدەی سیاسی لە ناوەڕاست و باشوری عێراقدا وێنەیەکی خراپ لە هەرێم دروست دەکەن و ئەو بۆچونەیان جێخستوە کە هەرێم لە بودجەدا بەشی پارێزگاکانی باشور دەخوات، یان کورد بەس بۆ بودجە ڕو لە بەغدا دەکات.

سەبارەت بە جۆری دوەمی میدیاش کە سۆشیاڵ میدیایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی ماڵپەڕێکی فەرمییە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبوک و تویتەر و یوتیوب و ئینستاگرامیش ئەکاونتی فەرمی هەیە. جگە لەوەش فەرمانگەی میدیا و زانیاریش کە لە ڕاستیدا وەک جوتیار عادل بەرپرسی فەرمانگەکە دەڵێت بە شێوەیەکی نافەرمی هەندێک لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکانیش جێبەجێ دەکات، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک خاوەنی ئەوکاونتێکی فەرمییە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم و فەرمانگەی میدیا و زانیاری تا چەندە توانیویانە سۆشیاڵمیدیا وەک پێویست بەکاربهێنێن بە تایبەت لە دانوستانەکانی بودجەی ٢٠٢١دا بۆ دروستکردنی ڕای گشتی لە بەرژەوەندی ئاجێندای حکومەت؟

ماڵپەڕی فەرمی حکومەت بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی زانیارییەکان بڵاودەکاتەوە. لە ماڵپەڕەکەدا ڕاگەیەنراوەکان و هەواڵ و کاروچالاکییەکانی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزارەت و فەرمانگەکان بە هەر سێ

زمانەکە بڵاودەکرێتەوە و وەک لە چاوپێکەوتنەکانی توێژەر لەگەڵ میدیاکارانی کورد و عەرەب دەرکەوتوە ئەم ماڵپەڕە یەکێکە لە سەرچاوەکانی هەواڵ بۆ میدیاکان.

لەگەڵ ئەوەی کە ماڵپەڕی فەرمی حکومەت هەواڵی بەشـێک لە کۆبونەوەکانی وەفدی دانوســتانکاری بڵاوکردوەتەوە، بەڵام ڕۆژنامەنوس یاسین تەها دەڵێت:

**"کێشەکە لەوەدایە کە لە هەواڵ و ڕاگەیەنراوە فەرمییەکانی حکومەت وردەکاری و زانیاری ورد لەسەر ئەنجامی دانوسـتانەکان بڵاو نەدەکرایەوە و ئەمەش دەرگای دەکردەوە بەڕوی شـیکاری جیاوازی میدیا و سـۆشـیاڵمیدیا و تەنانەت بڵاوبونەوەی زانیاری فەیک کە دوربون لە ڕاستییەوە."**

ڕۆژنامەنوس حسێن محەمەد سالحیش دەڵێت:

"لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی میدیاکان و ڕۆژنامەنوســـان تێگەیشــتنیان بۆ ترسی حکومەت هەیە کە ناتوانێت لە کاتی دانوســـتانەکاندا هەرچی زانیاری هەیە وەک خۆی لە ڕاگەیەنراوەکان و لێدوانە فەرمییەکاندا بڵاوی بکاتەوە، بەڵام کێشــەیەکی ســـەرەکی ڕاگەیەنراو و هەواڵە فەرمییەکانی حکومەت ئەوەیە کە ناتوانێت وەڵامی لانیکەمی پرســـیارەکانی میدیاکان و کۆمەڵگا بداتەوە."

بۆچونی ئەم دو ڕۆژنامەنوســـەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ماڵپەڕی حکومەت کە هەواڵ و ڕاگەیەنراوە فەرمییەکانی حکومەتی لە کاتی دانوســـتانەکانی بودجەدا تێیدا بڵاو دەکرایەوە، بەهۆی ئەوەی کە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی هەندێک زانیاری ورد و شـەفاف نەداوە، نەیتوانیوە وەڵامی پرسـیارەکانی کۆمەڵگا بداتەوە، هەربۆیەشـە میدیاکان لەپێناو ڕازیکردنی بینەرانیان ناتوانن بە ئاســـانی پشــت بە زانیارییە فەرمییەکانی حکومەت ببەســتن و ناچارن لە ڕوماڵەکان و ڕاپۆرت و شیکارییەکانیاندا پشت بە زانیاری نا فەرمی ببەستن کە زانیارییە نافەرمییەکان زۆرجار لە بەرژەوەندی حکومەت و تیمی دانوستانکاردا نەبو.

هەرچی بەشی عەرەبی ماڵپەڕی فەرمی حکومەتیش، بە هەمان شێوەی بەشی کوردییەکەی کاری کردوە و ڕێک هەواڵ و ڕاگەیەنراوە کوردییەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

لەڕوی چۆنییەتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە حکومەتی هەرێم سەرکەوتو نەبوە. لەم توێژینەوەیەدا شیکاری تەنها بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیســـبوک دەکرێت. وەک پێشـــتریش ئاماژەی پێدرا حکومەتی هەرێم لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیســـبوک خاوەنی دو پەیجی فەرمییە، یەکێکیان پەیجی فەرمی حکومەتە و ئەویتریشـــیان پەیجی فەرمی فەرمانگەی میدیا و زانیارییە.

لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسـبوک لەگەڵ ئەوەی پەیجی فەرمی حکومەت ڕۆژانە چەندین هەواڵ و ڤیدیۆ و بابەتی جیاواز بڵاودەکاتەوە و لەمبارەیەوە چالاکە، کەچی بەو حاڵەشـــەوە کەمترین کارلێکیان لەگەڵ بەکارهێنەرانی فەیســـبوک هەیە. بەراورد بە پەیجی دەزگا میدیاییەکانی کوردســـتان وەک ڕوداو و ئێن ئاڕ تی و.. ژمارەی لایک و کۆمێنتی هاووڵاتیان بۆ پۆستەکانی هەردو پەیجە فەرمییەکەی حکومەت ڕێژەیەکی یەکجار نزمە. بۆ نمونە ڕۆژی ٢ی حوزەیرانی ٢٠٢٣ پەیجی فەرمی حکومەت ٦ بابەتی بڵاوکردوەتەوە و کۆی کۆمێنتەکانی هەر ٦ بابەتەکە نزیکەی ١٧٠ کۆمێنت بوە، لە کاتێکدا هەر لەو ڕۆژەدا هیچ کام لە پۆستەکانی پەیجەکانی کەناڵەکانی ڕوداو و ئێن ئاڕ تی کەمتر لە ١٠٠ کۆمێنت نەبوە.

لەو هەواڵ و زانیارییانەی لە هەردو پەیجی فەرمی حکومەت لە فەیسبوک سەبارەت بە دانوستانەکانی بودجەی ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە، بە هەمان شـێوە کەمترین کاردانەوەی بەکارهێنەرانی فەیسـبوکی لێکەوتوەتەوە، بەرزترین ڕێژەی لایک بۆ هەواڵی کۆبونەوەی وەفدی دانوســـتانکاری حکومەتە لەگەڵ ســـەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە نزیکەی ٧٥٠ لایکە. هەروەها زۆرترین ژمارەی کۆمێنتیش ٣٥ کۆمێنتە بۆ هەواڵی ڕێککەوتنی کۆتایی هەولێر و بەغدایە کە لە زمانی قوباد تاڵەبانییەوە هەواڵی ڕێککەوتنە بڵاوکراوەتەوە. هەرچی ناوەڕۆکی کۆمێنتەکانیشــە بۆ هەمو هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە دانوســـتانەکانی بودجە لە پەیجی فەرمی حکومەت، ســـەروی ٩٠٪ی ناوەڕۆکی کۆمێنتەکان ئاماژەیە بە بێ متمانەیی هاووڵاتیان بە وەفدی دانوســـتانکار. ئەوە لە کاتێکدایە کە کۆمێنتی هاووڵاتییان لە دو پەیجی دو دامەزراوەیی میدیایی

سەربەخۆی خەندان و وێستگەنیوز سەبارەت بە سەرکەوتنی دانوستانەکان سەروی ٧٠٪ ناوەڕۆکەکانیان پۆزەتیڤە و دەستخۆشی لە وەفدی دانوستانکار و سەرۆکی وەفدەکە کراوە.
ئەم جیاوازییەش لە کاردانەوەی خەڵک لە سۆشیاڵ میدیای حکومەت و سۆشیاڵ میدیای دامەزراوە میدیاییە سەربەخۆکان بەرامبەر بە ڕوماڵی دانوستانەکانی بودجە ئاماژەیە بۆ دو گریمانە. یەکەم؛ ئەوکەسانەی ئیدارەی سۆشیاڵمیدیای حکومەت دەدەن، شارەزاییەکی باشیان نییە لە چۆنییەتی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا، لە کاتێکدا یەکێک لە ئەرکەکانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لەم سەردەمەدا ئەوەیە شارەزایانە سۆشیاڵ میدیا بەکاربهێنن بۆ گەیاندنی پەیامی دامەزراوەکە و دەبێت بە بەردەوامی پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن لەم بوارەدا.
گریمانەی دوەمیش ئەوەیە کە کۆمەڵگا متمانەی لاوازە بەرامبەر بەو زانیارییە فەرمییانەی حکومەت بڵاوی دەکاتەوە. ئەگەر بێتو ئەم گریمانەیە ڕاست بێت، ئەوکاتە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەت گەڕاندنەوەی متمانەی هاووڵاتییانە بۆ پەیام و زانیارییەکانی حکومەت، بەڵام ئەم متمانەیە ناگەڕێتەوە ئەگەر کۆی دامەزراوەی حکومەت خۆی لەگەڵ ئەو ستراتیژە هەماهەنگ نەکات کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان دەبێت بە شێوەیەکی زانستی ئامادەی بکات.

## 3.2: پەیوەندیی میدیایی(Media Relations)

یەکێکیتر لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم دروستکردنی پەیوەندییەکی میدیایی تەندروستە لەگەڵ میدیاکان و ڕۆژنامەنوسان، بۆ ئەوەی بتوانێت بە باشترین شێوە پەیام و زانیارییەکانی حکومەت لەڕێگەی ئەو میدیایانەوە بگەیەنێتە کۆمەڵگا و زۆرترین متمانە لەنێوان حکومەت و هاووڵاتییدا دروست بکات. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا لە دانوستانەکانی بودجەی ٢٠٢١دا وەفدی دانوستانکار و پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەت چەندە سەرکەوتوبون لە بەکارهێنانی پەیوەندیی میدیایی بۆ ئاراستەکردنی ڕای گشتی لە بەرژەوەندیی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی دانوستانەکاندا؟
ڕۆژنامەنوس کەمال ڕەئوف دەڵێت:"

**شێوازی مامەڵەی زۆربەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ میدیا و میدیاکاران مامەڵەیەکی ئەمنی بوە، لە پێدانی زانیاری بە ڕۆژنامەنوسان خۆیان دەبوێرن. لە بری پێدانی زانیاریی دروست، بەشێک لە کەسایەتییەکان و دامەزراوەکانی حکومەت خۆیان دەزگای تایبەت بەخۆیان دروست کردوە بۆ هێرشکردنەسەر و ناوزڕاندنی ئەو ڕۆژنامەنوس و میدیایانەی هەواڵی ڕاست یان زانیاری پێچەوانەی ویستی ئەوان بڵاودەکەنەوە."**

تەنها کەمال ڕەئوف نییە کە ڕەخنەی لە مامەڵەی ناتەندروستی دامەزراوەکانی حکومەت دەگرێت لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان، بەڵکو یەکێک لەو ڕەخنانەی کە لە ماوەی لانیکەمی دە ساڵی ڕابردودا بە بەردەوامی چ لە ناوخۆی هەرێم و چ لە ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان ئاراستەی حکومەتی هەرێم دەکرێت، بریتییە لە مامەڵەی ناتەندروست لەگەڵ میدیاکاران. میدیاکاران و بە تایبەتیش ئەو میدیایانەی سەر بە حیزبەکانی ناو دەسەڵات نین، بە بەردەوامی ڕەخنەیان هەیە دامودەزگاکانی حکومەت زانیاری نادەنە میدیاکاران یان جیاوازی دادەنێن لە پێدانی زانیاری بە میدیا و میدیاکاران بەپێی دوری و نزیکیان لە دەسەڵاتدارانەوە. ئەم ڕەخنانە لە حکومەت لە کاتێکدایە کە یەکێک لە مەرجە بنەڕەتییەکانی دروستکردنی پەیوەندییەکی میدیایی سەرکەوتو بۆ بەشی پەیوەندییە گشتییەکان بریتییە لە مامەڵەکردنی تەندروست لەگەڵ میدیا و میدیاکاران، بۆ ئەوەی بتوانرێت لەکاتی پێویستدا بۆ گەیاندنی پەیام و زانیارییەکانی حکومەت بە کۆمەڵگا سودیان لێ وەربگیرێت.
ڕۆژنامەنوس سیروان غەریبش پێیوایە:

**"ئەوەی کە بەرپرسان و دامەزراوەکانی حکومەت زانیاری دروست بە میدیاکان نادەن و وەڵامدەرەوەی پرسیارە میدیاییەکان نین، هۆکارێکی گرنگە بۆ بڵاوبونەوەی زانیاری هەڵە لەسەر ئاستێکی بەربڵاودا لە میدیاکانەوە."**

هەمو ئەم جۆرە ڕەخنانەی لەسەر مامەڵەی بەرپرسان و دامەزراوەکانی حکومەت لەسەر پێدانی زانیاری بە ڕۆژنامەنوسان هەیە، دەیسەلمێنێت:

یەکەم؛ بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەت و دامەزراوەکان ئەرکی خۆی بە دروستی جێبەجێ نەکردوە، کە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی دروستکردنی پەیوەندیی میدیاییەکی سەرکەوتو و مامەڵەکردنی دروستە لەگەڵ میدیاکاران.

دوەم؛ هۆکارەکەی ئەوەیە کە بەرپرسـانی حکومەت هەر لە بنەڕەتەوە تێگەیشـتنیان بۆ ئەرک و ڕۆڵی پەیوەندییە گشـتییەکان نییە. بۆ ئەمەش هەردو وەزیری کشـتوکاڵ و وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێم لە چاوپێکەوتن لەگەڵ توێژەر پشـتڕاسـتیان کردەوە کە لە وەزارەتەکانیان بەشی پەیوەندییە گشـتییەکانیان نییە و ئەوەی هەیە بەشی میدیا یان نوسینگەی ڕۆژنامەوانییە. تەنانەت لەوەش خراپتر ئەو حاڵەتەیە کە وەزیری کشتوکاڵ ئاماژەی پێ کرد، ئەوەیش ئەوەیە کە وەزیر خۆی دارشـتنەوە بۆ هەواڵی کاروچالاکییەکانی وەزارەتیش دەکات. ئەمەش دەری دەخات کە لەگەڵ ئەوەی بەشی میدیایان هەیە کەچی یان متمانەی تەواو بە توانای کارمەندانی ئەو بەشـە نییە یان ئەوەیکە کارمەندانی بەشی میدیا لە ئەرکەکانی خۆیان شارەزانین و کەمتەرخەمن.

لە کاتێکدا دروسـتەکەی ئەوەبو کە بەشی میدیای وەزارەتەکان خۆیان پلانی میدیایی بۆ وەزیر و وەزارەتەکە دابنێن و ئەو بەشـە ڕێنیوێنی بە وەزیر و بەرپرسـانی وەزارەت بدەن کە چۆن لە میدیا دەربکەون یان چۆن پەیامەکان ئاراسـتەی ڕای گشتی بکرێن نەک ئەوەی جێبەجێکاری ویستی بەرپرسانی وەزارەت بن. کە لە چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەشێک لە کارمەندانی بەشی میدیای چەند وەزارەتێک بە ئاشـکرا دەردەکەوێت ئەوان جێبەجێکاری داواکاری وەزیر و بەرپرسـانی سەرەوەی وەزارەتن.

سێیەم؛ ئەو کەسانەی لە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان کاردەکەن، خۆیان پسپۆڕییان لە بوارەکەدا نییە

چوارەم: حکومەتی هەرێم و دامەزراوەکانی لە جۆری سـیسـتمی داخراون و شـەفاف نین، یان متمانەی کۆمەڵگایان بە دامەزراوەکان بۆ گرنگ نییە، کە ئەمەش تایبەتمەندی دەسـەڵاتە نا دیموکراسـییەکانە، کە خۆی لە بنەڕەتدا پەیوەندییە گشتییەکان تەنها لە سیستمە کراوەکان و وڵاتە دیموکراسییەکاندا دەتوانێت ڕۆڵی خۆی بە تەواوی بگێڕێت.

کاتێک بە شێوەیەکی گشتی حکومەت و دامەزراوەکان مامەڵەیان لەگەڵ میدیاکاران تەندروست نەبێت و تێگەیشتنێکی دروسـتیان بۆ ڕۆڵ و پێگەی پەیوەندییە گشـتییەکان نەبێت، زۆر ئاسـاییە کە بەو دەرەنجامەش بگەین کە لە کاتی دانوستانەکانی حکومەت لەگەڵ بەغدا، بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەت نەیتوانیبێت ڕۆڵی خۆی بە دروستی ببینێت لە دروستکردنی پەیوەندییەکی میدیایی سەرکەوتو بۆ سەرخستنی پرۆسەی دانوستانەکان.

ئامانج ڕەحیم سـکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم کە خۆی ئەندامی وەفدی دانوسـتانکاری هەرێم بو و پێشـتریش لە زۆربەی وەفدەکانی حکومەت بۆ دانوستان لەگەڵ بەغدا بەشداربوە، دەڵێت :

**"جیاوازییەکی وەفدی دانوسـتانکاری ٢٠٢١ لەگەڵ وەفدەکانی پێشـو ئەوە بو کە ئەم وەفدە کۆمیونیکەیشـنی هەبو چ لەگەڵ میدیای کوردی و چ لەگەڵ میدیا و کۆمەڵگای مەدەنی عێراق.. بەڵام ئەم پەیوەندییە زۆربەی هەوڵ و تێگەیشـتنی قوباد تاڵەبانی سـەرۆکی وەفدەکەبو نەک پلانی پێشـوەختەی حکومەت، چونکە لە کوردستان و عێراق دەوڵەتی دامەزراوە نییە و زیاتر میزاجی شەخسەکانە کە یەکلاکەرەوەیە."**

جوتیار عادل سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاریش ئەم بۆچونەی ئامانج ڕەحیمی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتڕاست کردەوە کە دەڵێت:

لە کاتی دانوسـتانەکان خۆی یان هیچ کەسـێک لە فەرمانگەکەی لەگەڵ تیمی دانوسـتانکار نەبوە لە بەغدا. هەروەها فەرمانگەکەی هەر وەک میدیایەکی ئاسایی دیکە لە کاتی دانوستانەکاندا بۆ ئەو هەواڵانەی بڵاویان دەکردەوە زانیارییان لە ئەندامانی وەفدەکە وەردەگرت و ئەوانیش لە ماڵپەڕی فەرمی یان لە سۆشیاڵمیدیا بڵاویان دەکردەوە. ئەمەش دەری دەخات کە پێشتر وەک ئەرکێکی پەیوەندیی فەرمانگەی میدیا و زانیاری هیچ پلانێکی پێشوەختەی نەبوە بۆ دروستکردنی ڕای گشتی لەڕێگەی بەکارهێنانی میدیاکانەوە.

بەشێک لەو ڕۆژنامەنوسانەش کە توێژەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردون، قسەکانی ئامانج ڕەحیم پشتڕاست دەکەنەوە کە وەفدی دانوستانکاری ٢٠٢١ی حکومەتی هەرێم لە پەیوەندییان لەگەڵ میدیا جیاوازییەک هەبوە بەراورد بە وەفدەکانی

پێشــو، بەڵام ئەو جیاوازییە لەو ئاســتەدا نەبوە کە وەفدی دانوســتانکار ســەرکەوتو بوبێت لە بەکارهێنانی میدیا بۆ دروستکردنی ڕای گشتی لەبەرژەوەندی سەرخستنی پرۆسەی دانوستانەکاندا.
لەلایەکی دیکەوە ئەگەر تەنانەت وای دابنێین کە وەفدی دانوســتانکار پەیوەندییەکی میدیایی ســەرکەوتوشی هەبوبێت، ئەمە هەر بەپێی قسەکانی ئامانج ڕەحیم کاتێک دەڵێت بەشی زۆری ئەو پەیوەندییە هەوڵی شەخسی سەرۆکی وەفدەکە بوە، ئەمە شکستی حکومەت دەردەخات لە بەکارهێنانی پەیوەندییە گشتییەکاندا، چونکە فەرمانگەی میدیا و زانیاری کە بە شێوەیەکی نافەرمی بەشێک لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەت ڕادەپەڕێنێت، هیچ ڕۆڵێکی نەبوە لە دروستکردنی پەیوەندیی میدیایی بۆ وەفدی دانوستانکار، نەک هەر ئەوە بەڵکو هیچ کەسێک لە ئەندامانی فەرمانگەی میدیا و زانیاری نەک ئەندامی وەفدی دانوستانکار نەبوە، بەڵکو یاوەری وەفدەکەش نەبوە.
ئەوە لە کاتێکدایە دروســتەکەی ئەوەبو بەر لە دەســتپێکردنی دانوســتانەکان، پێویســت بو پەیوەندییە گشــتییەکانی حکومەت لەڕێگەی ئەو پەیوەندییە میدیاییەی پێشتر دروستی کردوە، ڕای گشتی چ ڕای گشتی هەرێمی کوردستان و چ ڕای گشتی لەسەر ئاستی عێراق بۆ دانوستانەکان ئامادە بکات. هەروەها لە کاتی دانوستانەکان کە سەرجەم ١١ جار وەفدی دانوســتانکار ســەردانی بەغدای کرد، لە دوای هەر ســەردانێک بە ڕێکخســتنی کۆنفرانسی- ڕۆژنامەوانی یان بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەنراوی فەرمی میدیاکانی لە دەرنجامی ئەو گەڕەی دانوســـتان ئاگادار کردبایەتەوە. یان بە پێدانی زانیاری دروســت بە هەندێک میدیاکار و میدیای عەرەبی لەســەر دانوســتانەکان و خواســتەکانی حکومەتی هەرێم لەو فشارانەی کەم کردبایەتەوە کە لایەنە نەیارەکان بۆ شکستی دانوستانەکان ڕای گشتی عەرەبی عێراقیان لە دژی هەرێم دروست کردبو.

### 3.3: ئیدارەدانی ستراتیژی لە پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەک لە بەشی تیۆری ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێکرا، لە ڕابردودا ئەرکی پەیوەندییە گشــتییەکان زیاتر لە چوارچێوەی ئیدارەدانی تاکتیکیدا بو، بەو واتایەی کە ئەرکەکەی کورتکرابوەوە لە چوارچێوەی چۆنییەتی ئامادەکردنی هەواڵ و بڵاوکردنەوەی زانیاری و بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبونەوە و ئامادەکردنی فیلم و ڕیکلام و.. بو، بەڵام لە قۆناغی نوێدا ئەرکی پەیوەندییە گشــتییەکان بەربڵاوتر بوە و پێویســتیی بە کاری توێژینەوە و ئامادەکردنی پلانی ســتراتیژی هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی پلان و بەرنامەکانی دامەزراوەکە.
لە بەشەکانی پێشودا ئاماژەی پێکرا پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم کە خۆی لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری و بەشی ڕاگەیاندنی وەزارەت و دامەزراوەکان دەبینێتەوە، لە هەردو بواری ئیدارەدانی میدیای دامەزراوە و پەیوەندیی میدیاییدا لە ئاستی چاوەڕوانیدا نەبوە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئاخۆ لە بواری ئیدارەدانی ستراتیژیدا چۆن جوڵاوەتەوە؟
یەکەم قۆناغی ئیدارەدانی ستراتیژی بریتییە لە توێژینەوە بۆ تێگەیشتن لە کەموکورییەکانی ئێستا و ناسینی هەڕەشە و دەرفەتەکان. توێژینەوە یان لەلایەن ئەندامانی پســپۆڕی بەشی پەیوەندییە گشــتییەکانەوە دەکرێت یان ئەوەی بەشی پەیوەندییە گشــتییەکان گرێبەســت لەگەڵ زانکۆ و کۆمپانیا تایبەتمەند و ناوەندە ئاکادیمییەکان دەکات توێژینەوەی بۆ بکەن.
جوتیار عادل سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری دەڵێت:

**"تا ئێستا لەسەر ئاستی هەرێم لێکۆڵینەوەمان کردوە تا بزانین کەموکورییەکان چین، بەڵام لەسەر ئاستی عێراق هیچ لێکۆڵینەوەیەکمان نەکردوە. لەســەر ئاســتی عێراق کۆمەڵێک پەیوەندییمان دروســت کردوە و هەندێک کاریشــمان کردوە و پلانیشــمان داناوە، بەڵام بۆ ئەوەی بزانین پلانەکە کەی دەگاتە ئامانج، کاتێکی زۆری دەوێت و پاڵپشتی زیاتری دەوێت."**

توێژەر بۆ ئەم توێژینەوەیە هەوڵیدا بزانێت کە ئایا لەسەر ڕاسپاردەی فەرمانگەی زانیاری و میدیا ناوەندە ئاکادیمییەکان پێشــتر هیچ توێژینەوەیەک بۆ ئیدارەدانی ســتراتیژی پەیوەندییە گشــتییەکانی حکومەت، هیچ توێژینەوەیەکی دەســت نەکەوت. سەرۆکی فەرمانگەش ئاشکرای نەکرد کە ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەسەر ئاستی هەرێم کردویانە ئایا لەلایەن تیم یان کەسێکی ناو فەرمانگەکەوە کراوە یان کەسی دیکە ڕاسپێردراوە، هەروەها ئاشکراشی نەکرد کە ئەنجامی توێژینەوەکە

چی بوە و چۆن کراوە و ئایا بەپێی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە پلانی ســـتراتیژییان داناوە یان نا. هەر جۆرێک بێت هیچ توێژینەوەیەکمان لەمبارەیەوە دەست نەکەوت.
بەڵام ئەوەی لە وتەکانی ســەرۆکی فەرمانگە جێی پرســیارە کە دەڵێت " لەســەر ئاســتی عێراق کۆمەڵێک پەیوەندیمان دروســت کردوە و هەندێک کاریشــمان کردوە و پلانیشــمان داناوە". پرســیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت پلانی ســتراتیژی دابنرێت کە پێشتر هیچ توێژینەوەیەکی زانستی نەکرابێت؟
لە کۆی وتەکانی سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری لە چاوپێکەوتن لەگەڵ توێژەر بەو دەرەنجامە گەیشتین کە کاتێک باس لە پلان دەکات، مەبەستی لە پلانی تاکتیکییە نەک ستراتیژی. بۆ نمونە باسی ئەوە دەکات کە "پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵێک لە میدیاکار و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عێراقی هەیە، هەر کاتێک زانیارییەکی ناراســت لەســەر هەرێمی کوردســتان بڵاودەبێتەوە لەڕێگەی ئەو پەیوەندییانەوە هەوڵ دەدەین ڕونکردنەوەی پێویســـت بۆ ڕای گشـــتی بڵاوبکەینەوە". یان کاتێک باس لە دروستکردنی گروپی واتساپ یان دروستکردنی هەشت گروپی سۆشیاڵمیدیا دەکات بە زمانی عەرەبی. هەمو ئەم هەوڵانە لەچوارچێوەی پلانی تاکتیکدا جێدەگرن نەک پلانی ستراتیژ.
ئاوات سێخ جەناب وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامی وەفدی دانوستانکار لە چاوپێکەوتن لەگەڵ توێژەر ئاماژەی بەوەدا کە هەر لەســـەرەتای دەســـتبەکاربونی کابینەی نۆیەمەوە ئەوان ئاگاداری ئەو وێنە خراپە بون کە لەناوچەکانی ناوەڕاست و باشور لە کورد دروست کراوە. وتی:

**"هەر لەسەرەتای کابینەدا خۆی ئەندامی وەفدێکی حکومەت بوە سەردانی کەسایەتی و سەرکردە عەرەبەکانیان کردوە تا یارمەتیدەربن لە ڕاستکردنەوەی وێنەی کورد لە ناوچە عەرەبییەکان، لەوانە سەردانی عەمار حەکیم و نوری مالیکی و ڕەوتی سەدریان کردوە. "**

ئەمە دەری دەخات کە حکومەتی هەرێم ئاگادارە کە وێنەیەکی نەخوازراو لە کورد لەناو عەرەبەکانی عێراقدا هەیە، بەڵام هیچ بەرپرس و دامەزراوەیەکی هەرێم ئاماری ئەوەی لانییە کە بۆ نمونە لە شار و پارێزگایەک وێنەکە خراپترە، یان ئایا چ ڕێژەیەک لە خەڵکی عەرەبی عێراق باوەڕیان بەو وێنە خراپە هەیە و بەپێچەوانەشـــەوە لای چ ڕێژەیەک لە ڕای گشـــتی عەرەبی وێنەیەکی باش لە کورد و هەرێمی کوردستان هەیە. چونکە لەناو سۆشیاڵمیدیای عەرەبی عێراق کەم و زۆر ئەو وێنەیە هەیە کە بەراوردی خزمەتگوزارییەکان و پێشکەوتنەکانی شارەکانی هەرێم بە شارەکانی دیکەی عێراق دەکرێت و ســـتایشیـــ حکومەتی هەرێم دەکرێت و ســـەرزەنشـــتی بەرپرســـانی حکومەتی فیدراڵ دەکرێت کە نەیانتوانیوە وەک بەرپرسانی هەرێم خزمەتی شارەکان بکەن.
ئەوەی کە هیچ ئامارێک لە بەردەســـت بەرپرســـانی حکومەتی هەرێم نییە، ئاماژەیەکی ڕونە بۆ ئەوەی تا ئێســـتا هیچ توێژینەوەیەکی زانســـتییان یان تەنانەت ڕاپرســـییەکیان نەکردوە. ئەوەی هەیە و نییە تەنها هەســـتیان بەوە کردوە کە وێنەیەکی نەخوازراو هەیە، کە ئاشکرایە بەپێی هەست و تێگەیشتنی کەسیی و بەبێ توێژینەوەی زانستی ناتوانرێت پلانی ستراتیژی بۆ باشکردنی وێنەی هەرێم لە ناوچەکانی دیکەی عێراق دابنرێت.
بە واتایەکی دیکە کاتێک توێژینەوەیەکی زانســـتی نەکرێت بۆ دەرخســـتنی هەڵە و کەموکوڕییەکان، ناتوانرێت قۆناغی دوەمی ئیدارەدانی ســتراتیژی واتە دانانی پلانی ســتراتیژی و قۆناغی ســێیەم واتە جێبەجێکردنی ســتراتیژی نوێ و قۆناغی چوارەمیش واتە هەڵسەنگاندنی چۆنییەتی جێبەجێکردنی ستراتیژ جێبەجێ بکرێت.
هەربۆیە دەبینین دوای تێپەڕبونی دو ساڵیش بەسەر دانوستانەکانی بودجەدا هەست بە هیچ گۆڕانکارییەک ناکرێت لە گوتاری میدیایی حکومەتی هەرێم بەرامبەر بە بەغدا و هاوولاتیانی ناوەڕاســت و باشــوری عێراق، تەنانەت هەســت بە گۆڕینی شـــێوازی مامەڵەکردنی هێزە ئەمنییەکانیش ناکرێت لەگەڵ ئەو گەشـــتیارانەی لە ناوچەکانی دیکەوە ســـەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن.
نەک هیچ گۆڕانکارییەک نابینرێت بەڵکو بە پێچەوانەشـەوە بە وتەی سـەرکەوت شـەمسـەدین و یوسـف محەمەد کە پەرلەمانتاری خولی پێشـون لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەو گوتارە زیاتر لە بەغدا و باشـوری عێراق جێ دەگرێت کە ئۆپۆزسـیۆنی حکومەتی هەرێمی کوردســتان هەوڵی جێخســتنی دەدەن کە ئەویش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە هاوولاتیانی

هەرێم لەو خۆشـــگوزەرانییەدا ناژین کە دەســـەڵاتدارانی هەرێم بانگەشـــەی بۆ دەکەن، یان لە هەرێمی کوردســـتان دامەزراوەکان ڕێزلێگیراونین و پێشێلکاری هەیە بەرامبەر ئازادی ڕادەربڕین و لە کوردستان هاووڵاتیان بەهۆکاری سیاسی دەستگیر دەکرێن.
دانوســـتانەکانی بودجەی ٢٠٢١ کە ســـەرجەم ١١ جار وەفدی هەرێم ســـەردانی بەغدای کرد، لە قورســـترین و درێژخـایەنترین دانوســـتـانەکانی مێژوی پەیوەنـدییەکانی نێوان هەرێم و بەغـدا بو. ئەگەر حکومەتی هەرێم خـاوەنی دامەزراوەیەکی پیشـەیی پەیوەندییە گشـتییەکان بوایە، دەیتوانی دوای هەر گەرێکی دانوسـتان پێداچونەوەی بە پلانەکانی خۆی کردبایە بۆ گۆڕینی تاکتیکەکانی کاریگەری دانان لەســـەر ڕای گشـتی، کەچی لە دوای هەر گەرێکی دانوســـتان هیچ گۆڕانکارییەک بەرچاو هەســـت پێ ناکرێت نە لە شـــێوازی ڕەفتاری ئەندامانی وەفدی دانوســـتانکار لەگەڵ میدیا و میدیاکاران، نە لە تاکتیکەکاندا و نە لە شـــێوازی ڕوماڵکردنی میدیایی فەرمی فەرمانگەی میدیا و زانیاری، تەنانەت لە هەندێک لە گەڕەکانی دانوسـتان فەرمانگەی میدیا و زانیاری هیچ هەواڵ و زانیارییەکیشی لەسـەر دانوسـتانەکان بڵاو نەکردوەتەوە.
جگە لەوەش لە دانوســـتانەکانی ٢٠٢١ی بودجە کە وەفدی دانوســـتانکار وەک ئەندامانی وەفدەکە دانی پێدادەنین، هەسـتیان بەوە کردبو کە لایەنی عێراقی لەژێر کاریگەری ڕای گشـتی خۆیاندا ناتوانن بە ئاسـانی لەگەڵ هەرێم ڕێکبکەون، ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەوکات حکومەتی هەرێم تێگەیشـــتبو کە لەگەڵ کێشـــەیەکی گەورە لە عێراق ڕوبەڕویە کە ئەویش ئەو وێنە نەخوازراوەیە کە لە کورد و هەرێم دروست کراوە.
هەربۆیە ئەگەر دامەزراوەیەکی پیشـەیی پەیوەندییە گشتییەکان هەبوایە، پێویست بو لە دوای تەواوبونی دانوستانەکان، بەپێی تیۆری ئیدارەدانی سـتراتیژی، توێژینەوەی ئاکادیمی بکرایە و بەپێی ئەو توێژینەوە پلانی سـتراتیژی دابنرایە، کە وەک ئاماژەی پێدرا بەهۆی ئەوەی حکومەتی هەرێم خاوەنی هیچ دامەزراوەیەکی پەیوەندییە گشتییەکان نییە، هیچ توێژینەوە و پلانێکی ستراتیژیش تا ئێستا دانەنراوە.

## ئەنجام

بەپێی هەر دو بەشی تیۆر و ئەنجام، توێژینەوەکە بەو دەرەنجامە گەیشـتوە کە لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشـتییەکان لە زانکۆکانی هەرێمدا دەخوێندرێت، بەڵام لەناو بەرپرسـان و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردسـتان تێگەیشـتنێکی دروسـت بۆ چەمکی پەیوەندییە گشـتییەکان لە ئارادانییە. هەروەها بەشی پەیوەندییە گشـتییەکان بە شێوەیەکی فەرمی بەشێک نییە لە هەیکەلی ڕێکخراوەیی هیچ کام لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم. ئەوەی تا ئێســـتا لە دامەزراوەکان هەیە تەنها دو بەشی میدیا و پەیوەندییەکانە. کە بەشی میدیا تەنها یەکێک لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشـــتییەکان واتە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانی دامەزراوەکانی حکومەتە بە شێوەیەکی ناپیشەیی جێبەجێ دەکات.
ئەوەشی کە بەشی پەیوەندییەکانە، تەنها ئەرکی ڕێکخســـتنی چالاکی و دیدارەکانی بەرپرســـانی دامەزراوەکانی حکومەت لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکە جێبەجێ دەکات، هەربۆیە زۆر دورە لە پیشەی پەیوەندییە گشتییەکانەوە.
ســـەبارەت بە ئەرکە گرنگەکانی پەیوەندییە گشـــتییەکان وەک ئیدارەدانی میدیای دامەزراوە، پەیوەندیی میدیایی و ئیدارەدانی ستراتیژیش هەربەهۆی ئەوەیکە تێگەیشتنێکی دروست بۆ چەمکی پەیوەندییە گشـتییەکان نییە و لە بنەڕەتدا دامەزراوەی پەیوەندییە گشـتییەکان نییە، نەتوانراوە لە کاتی دانوسـتانەکانی بودجەی ٢٠٢١دا پەیوەندییە گشـتییەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆ ببینێت لە سەرخستنی دانوستانەکاندا.
بەڵام لەگەڵ هەمو ئەوکەموکوڕییانەشـدا وەک هەندێک لە ڕۆژنامەنوسـان و بەرپرسـانی حکومەتیش دانی پێدادەنێن، دانوســـتانەکانی بودجەی ٢٠٢١ لەڕوی پەیوەندییە گشـــتییەکانەوە جیاوازییەکی کەمی هەبوە لەگەڵ دانوســـتانەکانی پێشـــوتری نێوان هەرێم و بەغدا، ئەو جیاوازییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ســـەرۆکی وەفدی دانوســـتانکار و تیمی نوســـینگەکەی خۆی وەک بیرۆکەی خۆیان نەک بە شـــێوەیەکی ســـیســـتماتیک و ڕێکخراو هەندێک لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکانیان جێبەجێ کردوە.

بۆ نمونە بەراورد بە دانوستانەکانی پێشو پەیوەندییان لەگەڵ میدیای عێراقی و کۆمەڵگای مەدەنی عێراقیدا هەبوە. جگە لەگەڵ لایەنی حکومەت، هەوڵیان داوە لەگەڵ لایەنی سیاسی و کەسایەتی نوخبەی کاریگەری عێراق کۆببنەوە و ئەمەش بە وتەی خۆیان تا ڕادەیەک کاریگەری هەبوە لەسەر وێنەی وەفدەکە چ لە بەغدا و چ لە کوردستان. بەڵام بەکۆی گشتی دەتوانین بڵێین کە پەیوەندییە گشتییەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو ڕۆڵێکی ئەتۆی نەبوە و وەک حکومەتی هەرێم هیچ گرنگی بە ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان نەدراوە بۆ سەرخستنی پرۆسەی دانوستانەکان.

## ڕاسپاردەکان

1. هەروەک لەم توێژینەوەدە دەرکەوتوە بەرپرسان و دامەرزاوەکانی حکومەتی هەرێم تێگەیشتنی دروست و تەواویان بۆ پەیوەندییە گشتییەکان نییە، بۆ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان بتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت بەر لە هەر شتێک پێویستە تێگەیشتنێک دروست لەناو حکومەت بۆ پەیوەندییە گشتییەکان هەبێت، هەربۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم وەک هەنگاوی سەرەتا کۆنفرانس یا کۆبونەوەیەکی تایبەت لەگەڵ پسپۆڕانی ناوخۆ و بیانی بکات تا لەلایەکەوە گرنگی پەیوەندییە گشتییەکانیان بۆ ڕون ببێتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە پسپۆڕان ڕابسپێرێت بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەک بۆ دروستکردنی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە هەمو دامەزراوەکانی حکومەت.
2. لە دوای دارشتنەوەی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکانی حکومەت، پێویستە کەسانی پسپۆڕی بوارەکە لەو بەشانە دابمەزرێن بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی زانستی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان جێبەجێ بکەن.
3. بۆ ئەوەی سیاسەت و پەیامی حکومەت و دامەزراوەکانی وەک پێویست بە کۆمەڵگا بگات، پێویستە حکومەت و دامەزراوەکان بەپێی ئەو ڕاسپاردانەی کە پسپۆڕانی پەیوەندییە گشتییەکان پێشکەشی دەکەن دامەزراوەکانیان ڕێک بخەنەوە، چونکە کارایی پەیوەندییە گشتییەکان گرێدراوە بە کارایی و شەفافییەتی دامەزراوەکانەوە.
4. حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە ببێتە خاوەنی میدیایەکی نیشتمانی کە سیاسەت و ستراتیژی میدیاکە بەپێی تایبەتمەندییەکانی میدیایەکی نیشتمانی بێت، بە جۆرێک کە لە ناکۆکییە سیاسییەکاندا بێ لایەن بێت تا بتوانێت بۆ زۆرینەی کۆمەڵگا میدیایەکی متمانەپێکراوبێت. بونی وەها میدیایەکی متمانەپێکراو یارمەتیدەردەبێت کە بە دور لە پڕوپاگەندە لە کاتە هەستیارەکاندا پەیامی حکومەت وەک خۆی بە هاوولاتیان بگات.

## پێشنیازەکان

توێژەر پێشنیارە دەکات توێژەرانی دیکە گرنگی بدەن بە توێژینەوە لەسەر ئەو بابەتەی کە بۆچی تا ئێستا حکومەتی هەرێم و دامەزراوەکانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانیان نییە یان ئەگەر هەیە ناتوانن ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. هەروەها ئایا جۆری سیستمی سیاسی و کارگێری هەرێمی کوردستان تا چەندە ڕێگرە بۆ ئەوەی دامەزراوەکان نەتوانن پەیوەندییە گشتییەکان بە شێوازێکی سەردەمیانە بەکاربهێنن؟

**سەرچاوەکان**

ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان (ڕونکردنەوەیەك لە ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان-عێراق)، (https://www.krjc.org/Default.aspx?page=article&id=41559&l=3)، ڕێکەوتی سەردان 2023/5/13.
ئاواز حسن اسماعیل (2015). چالاکییەکانی پەیوەندیە گشتییەکان لە حکومەتی هەرێم – توێژینەوەیەکی ڕوپێوی شیکارییە، ماستەرنامە، زانکۆی سەڵاحەدین، بەشی ڕاگەیاندن.
چاوپێکەوتن لەگەڵ سەمیر هەورامی وتەبێژی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢.
دەستوری عێراق، مادەی ١١٥.
سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان (ڕاگەیەنراوی کۆبونەوەی هاوبەشی هەرچوار سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان)، (t.ly/O7ee)، ڕێکەوتی سەردان 2023/5/13.
سەروەر حەمە، ٢٠١٦، تێڕوانینێك لە پرس و کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، (t.ly/hBhk)، ڕێککەوتی سەردانکردن 4/2/2023.
گوڵپی، جیهانگیر سدیق، ٢٠١٧، شکستی فیدراڵییەتی دارایی لە عێراق، ( t.ly/tWR2)، ڕێککەوتی سەردان 1/2/2023.
گوڵپی، جیهانگیر سدیق، ٢٠٢٠، گرفتەکانی داهاتی گشتی لە هەرێمی کوردستان و ڕێگەکانی چارەسەرکردنیان، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە دو.
ساكار عزيز رشيد (2018). دور التسويق السياسي المستند على الاخلاق في كسب موقف الرأي العام من خلال السمات الشخصية للمرشح، دراسة استطلاعية لاراء عينة من الناخبين في اقليم كوردستان العراق، اطروحة الدكتوراه، جامعة السليمانية.
سوندس فوئاد مستەفا (2008). الوضيفة الاتصالية للعلاقات العامة في برلمان اقليم كردستان، رسالة ماجستير- جامعة بغداد، كلية الاعلام.
لانة محمد سعيد (2005). العلاقات العامة في مجلس وزراء اقليم كردستان/ ادارة السليمانية و دراسة ميدانية في وضائف العلاقات العامة، رسالة ماجستير- جامعة بغداد، كلية الاعلام.
هوشيار مظفر علي امين (2007). العلاقات العامة في الأحزاب السياسية الكردية- دراسة مسحية لأنشطة العلاقات العامة للحزب الديمقراطي الكردستاني، رسالة ماجستير- جامعة بغداد، كلية الاعلام.
علی صباغیان، ١٤٠٠، فصلنامه مطالعات حقوق عمومی، دوره ٥١، شماره ٤، ریشەها، ساختار و تحول فدرالیسم در جمهوری فدرال آلمان
فرکوش و صدری‌نیا. فیروز دیندار، حسین. روابط عمومی و رسانه، ١٣٩٠، ناشر:سایه روشن، چاپ ٤.
محمد اسماعیل افراسیابی، ١٣٨٧، مجله کانون وکلا، شماره ٢٠٠ و ٢٠١، سیستم فدرالیسم در ایالات متحده امریکا
Argenti, P. A. (2017). Strategic Communication in the C-Suite. International Journal of Business Communication, 54(2), https://doi.org/10.1177/2329488416687053
Britannica, T. Editors of Encyclopaedia (2022, November 5). Ivy Ledbetter Lee. Encyclopedia Britannica. https://www.britannica.com/biography/Ivy-Ledbetter-Lee
Cropf, R. A. (2008). Benkler, Y. (2006). The Wealth of Networks: How Social Production Transforms Markets and Freedom. New Haven and London: Yale University Press. Social Science Computer Review, 26(2),. https://doi.org/10.1177/1084713807301373
Cutlip S. M. Center A. H. & Broom G. M. (2000). Effective public relations (8th ed.). Prentice Hall.
Dragilev, dmitry. (Media Relations Strategy: 11 Winning Tactics to Market Your Product), (https://www.criminallyprolific.com/media-relations-strategy/), Accessed date: 10/2/2023.
Federalism, Elliot Bulmer, International IDEA Constitution-Building Primer 12, 2017, 2nd edition.
Gregory A. (2015). Planning and managing public relations campaigns a strategic approach (Fourth), eBook.
Heath, R. L. (Ed.). (2013). Encyclopedia of public relations. Sage Publications.
Insidevoa, Who We Are, What We Do. (https://www.insidevoa.com/p/5831.html), Accessed date; 8/2/2023.
Menui, Farnaz, Shams Burhan, Ilkhan, & Mouszadeh, Ebrahim. (2022). administrative and ethnic federalism; Comparative comparison of the federal systems of Iraq and Germany. Tehran University Public Law Studies Quarterly , 52 (2), 641-660. doi: 10.22059/jplsq.2021.302029.2421
Michael L. Kent and Chaoyuan Li, Public Relations Review, https://doi.org/10.1016/j.pubrev.2019.101857.
Omar Bali, A., Karim, M. S., & Rached, K. (2018). Public diplomacy effort across facebook: A comparative analysis of the US consulate in Erbil and the Kurdistan Representation in Washington. sage Open, 8(1), 2158244018758835.
Omar Bali, A., Karim, M. S., & Rached, K. (2018). Public Diplomacy Effort Across Facebook: A Comparative Analysis of the U.S. Consulate in Erbil and the Kurdistan Representation in Washington. SAGE Open, 8(1). https://doi.org/10.1177/2158244018758835.
Polsky, Rachel. (4 Key Elements of a Successful Media Relations Strategy), (https://www.teamlewis.com/magazine/four-key-elements-of-a-successful-media-relations-strategy/), Accessed date: 8/2/2023.
Ritchie, J., Lewis, J., Nicholls, C. M., & Ormston, R. (Eds.). (2013). Qualitative research practice: A guide for social science students and researchers. sage.
Smith, R.D. (2020). Strategic Planning for Public Relations (6th Ed.). Routledge. https://doi.org/10.4324/9781003024071.
Tench, R. and Yeomans, L. (2006). Exploring Public Relations. London: Pearson Education.
Terry, G., & Hayfield, N. (2021). Essentials of thematic analysis. American Psychological Association.

Uche Sunday AJA, Joseph N. CHUKWU, & Vincent Onyeaghanachi ODOH, Emergence of New Media Technologies and Challenges of Media Relations in Nigeria. Ebonyi State University Journal of Mass Communication, N: 2449-0369 Vol. 6, Issue 1, pp, October 2019.

Bali, A. (2016). The political development of Iraqi Kurdistan. *International Journal of Political Science and Development*, *4*(6), 208-215.